بە تابەبوونی چەمکی ئازادی، لە کۆمەڵگەی کوردییەدا.. عومەر عادل عەبدوڵا

ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئازادی، وەک چەمکێک لە کۆمەڵگەی کوردییدا، لە لێواری بەتابەبوون و نامۆبوون دایە، ئەمەش بەهۆی درککردنمان بەو دیاردە، هەستاوین بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک و ئەو هەڵکارکەوتانە بخەینەبەر تیشک لێکۆڵینەوە و (بە تابەبوونی چەمکی ئازادی، لە کۆمەڵگەی کوردییدا) وەک ناونیشانێک بە توێژینەوەکە هەڵبژاردووە.

گیروگرفتی توێژینەوەکە:

لە راستیدا، توێژینەوە خستەووی چارەسەر، بە گرفتێک یان چەند گرفتێک و لە ئەنجامی هۆکار و گرفتان و لێکۆڵینەوە، چەند گرفتێکی چاوەڕوانکراومان دەتە پێشەوە. لە دیارترین گرفتێک کە دووچارمان بوتەوە، تازەی بابەتەکە بوو، چونکە بابەتی تازە شتی نوێ دەهێنتەوە و لە ئەنجامدا گرفتی نوێمان بۆ پەیدا دەبێت، لە هەموو ڕوویەکەوە.

هەڵبازی توێژینەوەکە:

هەڵبازی توێژینەوەکە هەڵبازی پێسنی – شیکارییە، لە هەڵگەی پێسنکردنی چەمکی ئازادییەوە، ئەو هەڵکارانەمان شیکردەتەوە، کە هەڵگەزی تابەبوونیان پێبەخشیوە.

پێشەکی:

کۆمەڵگەی کوردی، وەکو زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی تری هەژهەژاتی ناوەڕاست، لە ئەنجامی ئەو جیهانگیری هاتە ئاراوە، کۆمەڵە ئاکار و چەمک و هەڵسوکەوت، جا شیاو بێت، یان نەشیاو لە کۆمەڵگەی کوردییدا جێی خۆیان کردەوە، بۆیە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی, بەهۆی نەگونجانی ئەو هەڵسوکەوت و ئاکارانە، لە بازنەیەکی تردا، لە دەرەوەی کۆمەڵگەدا جێیان کردەوە، بازنەیەکی قەدەغەکراو و حەرامکراو. دیارە چەمکی تابە یەکێکە لە گرنگترین ئەو چەمکانەی، کە لە ئەنجامی کرانەوەی نووسەران و ڕووناکبیران بە ڕووی ئاسەی

فراواندا خوێنڕانی کورد ئاشنای بوون، بە تایبەتی دوای وەرگێڕانی پەرتووکی

(تەوتەم و تابۆ)ی فرۆید کە تێدا باس لە مێژووی تابۆ و دروستبوونی تابۆ دەکات. هەروەها زیاتر ئاشنابوونی خوێنەران بە بابەتە دەروونناسی و کۆمەڵایەتییەکان، یەکێکیتر بوو، لە گرنگترین ئەو هەکارانەی کە تابۆ(قەدەغەکراو) ببێتە ناوەند و چەقی زۆرێک لە باسەکان.

چەمکی ئازادی:

ئازادی، یەکێکە لەو چەمکانەی زیاتر لە نێو بابەتە یاسایی و کۆمەڵناسیەکاندا خۆی دەبینیتەوە، لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی هەموو دەوڵەتێکدا، بە پێی یاسا بازنەی دیاری کراوە و لە نێو کۆمەڵگەشدا تاکەکان چەند بنەمایەکییان سەبارەت بە ئازادی داناوە و لەسەری هەڵوێستوون، بەڵام ئەم ئازادییە، بە پێی تێپەڕبوونی کات بەرز و نزمی تێدەکەوێت، واتا هەڵنگە لە کۆمەڵگەیەکدا لە ڕابردوو شتانێک هەوێنی ئازادی بن و بەکارهێنان هەڵگەپیداو بێت، بەڵام ئێستا نائاسایی و قەدەغەکراون.

وەستان و نووسین لەسەر چەمکی ئازادی و کارکردن لەسەری، کارێکی ئاسان نییە، چونکە " ئازادی لە مێژە وەک بابەتێکی مشتومڕاوی باس دەکرێت و لە سەردەمی هاوچەرخیشدا ئازادی لە نێو هەموو گۆڕاندا باس دەکرێت، بەها و پێگەیەکی تایبەتی هەیە و هەموو نەتەوەیەک خۆی بە ئازاد و بە قازانجی دەزانێت و شانازی پێوە دەکات. هەروەها هەر لەبەر ئەم هەکارەیە کە ئەمڕۆ پرسی ئازادی گرنگترین داواکاری سەردەمی نوێیە"(فرهاد طهماسبیپور، ۱۳۹۰، ۲) و هاوڵاتیانی هەموو وڵاتێک لە چوارچێوەی هاوڵاتیبوونیاندا، دەتوانن داوای ئەو مافە سەرتاییە دەکەن.

جا ئەگەر بمانەوێت بە یەک وشە پێسنی ئازادی بکەین، ئەوە دەڵێن: مافە، واتا مافێکە هەموو مرۆڤێک دەتوانێت دەستی پێبگات، بە جیاوازی ئاین و ڕەنگ و نەتەوە و..." بە گشتی، ئازادی دەخێکە هیچ شتێک پابەند و دەربەستی شتێکی تر و بتوانێ لە گەردووندا جێبەجێ بکرێت. لە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤدا، ئازادی، دەخێکە کە هیچ شتێک ڕێگر نەبێت لە بەردەم ئیرادەی تاك بە گەیشتن بە ئامانجەکانی."(ئەحمەد شەبانی، ۲۰۱۰، ۱۱) نووسەر زۆر بە بەرفراوانی گشتاندنی بە ئازادی کردووە و کە ئەمەش لەگەڵ ئازادیدا یەک ناگرێتەوە و

دەواتە نەو چەندین هەواوی تریش, یان ئەگەر لە ڕووی سیاسیەوە باسی ئازادی بکەین ئەوە دەبین:" ئازادی مافکی بنچینەیە لە مافکانی مرۆڤ و دەبە سیستەمە سیاسیەکان، هەر لە ستەمکاری دادپەروەرەوە تا دەگاتە سیستەمی کۆماری و دیموکراسیە هاوچەرخکان، پەرەشی چەسپاندنی ئەو مافە بن و ئەوەش گرنگترین بنەمایە لە بنەما دەستووریەکانی تیوری هاوچەرخ."(ڕۆبەرت دال، ٢٠١٢، ١٣) ئەوە پەیوەندیەکی بەرهەستی لە هاتنە کایەی ژینگەیەکی ئازاد دەکات بە هاوڵاتیانی، بەشەویەکی ناڕاستەخۆ دەیەوێت ئەوەمان پەبلێن: کۆشکی دەسەڵات و هێزی لەسەر ستەم و نادادی بنیادنراوە و ئازادیش وەک بومەلەرزەیەک وایە، کە کۆشکی ستەمم دەروخێنێت.

لەبەر ئەوەی ئازادی چەمکێکی فرەهەندە و لە نەو زەرەک لە باسکاندا، لێکۆینەوەی لەسەر کراوە، هەر بوارێک و بە سروشت زانستیانەی خۆی چەمکی ئازادی ڕوون کردۆتەوە، بە نموونە:"پوختەی چەمکی ئازادی لە ڕووی شەریعەتەوە، لە دوروبەری ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی دەخوەتەوە"(علی بن حسین بن احمد فیقهی،١٤٣٢، ١٢) چونکە پێش هاتنی ئیسلام، لە نیمچەدوورگەی عەرەبی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام پاش هاتنی ئیسلام ئەم دیاردە هەوەشایەوە و لە ڕووی دینیەوە، ئەم جۆرە مامەڵەیانە قەدەغەکرا. هەروەها ئازادی " لە فەلسەفەی لاسایکەرەوەدا، بریتیە لە هەبژاردنی مرۆڤ بە ئەوەی بە ئینقەست مامەڵە بکات لەگەڵ توانای جەهەشتنی کردارێک یان توانای هەبژاردنی دژ بەو کارە بکات"(م.د علاء شنون مطر،٢٠٢١، ٦)واتا مرۆڤ لە نەوان دوو هەبژاردەدا، لە نەوان ڕەشتن و مانەوەدا، کردن و نەکردندا، لە نەوان ڕاست و چەپدا، لە نەوان هەڵسان و دانیشتندا، سەربەستیەکی تەواوی هەیە و ئاوەزووی خۆیەتی هەویری خۆی دەخاتە کام تەنوورەوە.

لە سیاستیشدا، ئازادی وەکو مافکی یەکلاکەرەوە باسی لێوە کراوە و هەموو مرۆڤکان مافی بەشداری کردنیان لە پرسە سیاسیەکاندا هەیە، لەگەڵ ئەمەش هەموو گەلێک مافی ئەوەی هەیە چ دەسەڵاتێک هەلبژێرێت، بە ئەوە فەرمانەوای بکات، بەڵام لە هەندێک پەیوەندیدا ئەم مافە بە هاوڵاتیان نەدراوە، بە نموونە: لە فەرمانەوای دیکتاتۆریدا، چونکە"حکومەتی دیکتاتۆری حکومەتێکی تاکەکەسیە، بە شەویەکی سەرکی پشت بە کەسایەتی دیکتاتۆر و ئەوەی چەژی لە وەردەگرێت لە هێز و توانا و لێهاتوویی کەسی دەبەستێت، هەر ئەویش یەکەم و کۆتا جووڵەنەرە بە هەموو لایەنەکانی

دەوڵەت، بەبێ گەڕانەوە بە خواستەکانی گەل"(اسعد طارش، ٢٠١٥، ٤٣) ئەم تاکڕەوایی فەرمانڕەوایەتییە، کە لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە دەسپێنرێت، جورئەکە لە قەکردنی ئازادییەکان.

لە سەرووی هەموو ئازادییەکانەوە، ئەو ئازادییەی کە زۆر گرنگی پێدەدرێت و تیشکی دەخرێتە سەر، ئازادی ئادەمیزادە."ئازادی بیرکردنەوە و ئادەمیزادێک لە ئازادییە بنەڕەتییەکان لە هەوانگە جیاوازەکانی ئایینی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، یاسایی و نەخوداوەندێتی و تاوتوێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و لە یاسا ناوخۆییەکان و بڕگەنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دامەزراوە و پشتگیری کراوە". (سید حسین رضوانی، ١٣٩٥، ٦٧) چونکە ئازادی ئادەمیزادە دەرگاییەکە بە ئەوە بتوانین ئەزموونمان تاقی بکەینەوە و بگومان مرۆڤ تاکو بیری ئازاد نەبێت و نەتوانێت بیروبۆچوونەکانی بە ئازادی دەربڕێت، ئەوە ئەستەمە بتوانێت بە ئازادییەکانی تر بجەنگێت و ململانێ لەگەڵ ئەو ژینگە و دەورەبەرە بکات، کە ئازادییەکانیان لە بەرتەسک کردۆتەوە. واتا هەموو ئازادییەکانی تر، دەرهاویشتەی ئازادی ئادەمیزادن.

دەبێت ئەوەش بزانین، کە ئازادی لە کەسێکەوە بە کەسێکیتر لە ئاینێکەوە بە ئاینێکی تر، لە
کۆمەڵگەیەکەوە بە کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت، چونکە لە هەندێک شوێندا ئازادی ئەوەندە بەرفراوان دەبێت، هەموو کەس دەتوانێت ئەزموونی بکات، بە پێچەوانەوە، لە هەندێک شوێندا ئەوەندە بەرتەسك دەبێتەوە، تەنها کەسانێکی کەم دەتوانن ئەزموونی بکەن، کە ئەوانیش هەنگە خاوەن پلە و پایەیەکی بەرزی ئاین یان سیاسی و کۆمەڵایەتی بن.

پرسەی بەتابەبوونی چەمکی ئازادی:

تابە" مەبەست لە سەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانەن، کە دەربڕینیان بەشێوەیەکی ئاستەوخۆ و ئاشکاوانە، لە هەووی کۆمەڵایەتی و کلتووریەکان هەگبەدراو نیە"(د. هەمن عەبدولواحید شەمس،٢٠١٨، ١٤٢)واتا تابە هەموو ئەو دەبڕینانە دەگرێتەوە، کە لە کۆمەڵگەدا هەڵی سوورن و وتنیان دەرئەنجامی خراپی لە دەکەوێتەوە، جا هەنگە ئەم تابۆیە لە ژێر کاریگەری هەر ئایندا بێت، یا هەکوتنکی کۆمەڵایەتی بێت لە نەو تاکەکانی کۆمەڵدا.

مەژووی دروستبوونی تابە زۆر دوور و درێژ و "فرەید بە

باسکردنی(تابۆ) دەگەڵتەوە بە سەرتاتیرین کەمی مرۆڤ کە بە(تۆتەم) ناویان دەبات، کە(کانگا) ئەمانە لە خەزان گەورتر و لە هەز بچووکترن، ئەم تۆتەمانە سەرتاییترین کەمی مرۆڤ بوون و خاوەنی کەمەك تابۆی هەمیشەیی و کاتی بوون، کە بریتیی بوون لە کەمەک حەرام کە ئەندامانی ئەو تۆتەمە نادەبایە ئەم حەرامانە(تابۆیانە) سنوور بشکێنن و بیخەنە لاوە."(پشەو عەبدوڵا،٢٠١٣، ٤٢) لەمەوە دەگەین بەو ڕاستیەی کە تابۆ چەمکی کەمایەتییە و لە ئەنجامی گردبوونەوەی مرۆڤکان لە دەوربەری یەکتردا ئەم چەمکە دروستبوو. تابۆ دەتوانێت لە بچوکترین بازنەی گردبوونەوە مرۆڤکانەوە کە خێزانە، بیتە ئاراوە، چونکە ئەو کاتە لایەن سەرکردەکانی خێزانەوە، کە دایک و باوکن، کەمەک بیارەك لە بارەی قەدەغەکراوەکانەوە دەدرێت و بە ئەندامەکانی خوارەوەی خێزان ڕادەگەنرێت، کە ئەم وشە و هەسوکەوتە بکارهێنانیان و ئەنجامدانیان قەدەغەیە.

"لە زمانی کوردیدا، زۆربەی دەربڕاوە قەدەغەکراوەکان پەیوەندییان بە(مردن، سێکس، نەخۆشی کوشندە، کفر)ەوە هەیە، کە ناوهێنانیان بە بەوای زۆرینەی کەمەی کوردی کاریگەری دەروونیی نەگتیڤانە لەسەر قسەکەر و گوێگر دروست دەکەن و تاڕادەیەک قەدەغەکردنی سەرتاسەی قەدەغەکراون و بەدەبینیتری هاوواتا جێگەیان پڕکراوەتەوە و زیاتر لە چەند دەربڕینەک بە هەر یەکێکیان بکادەهێنرێت"(هەمن عەبدولواحید شەمس، ٢٠٠٦، ١٢٨)ئەم دیاردەیەکی جیهانییە و هەموو کەمەگاکان بە پێی هەڵکەوتەی ژینگەی و کەمایەتی خەیان، کەمەی وشە و هەسوکەوتکیان وەك تابۆ دەستنیشان کردووە. هەروەها بوون و نەبوونی تابۆ پەیوەندی بە پشکۆتن و دواکەوتووی نییە، بەڵکو لە هەموو کەمەگەیەکدا ئەم دیاردە بەدی دەکرێت، تەنها ئەوە هەیە، جیاوازی تەدەکەوێت، واتا ڕەنگە تابۆیەکی ئاینی لە کەمەگەیەك بوونی هەبێت و بە پێچەوانەوە، لە کەمەگەیەکی تردا بوونی نەبێت.

یەکێك لە بنەما سەرکییەکانی دروستبوونی تابۆ کەمەگەیە و دروستبوونی تابۆ بەستراوەتەوە، بە دروستبوونی کەمەگە، لە ئەگەری تیاچوونی کەمەگەشدا، ڕاستەوخۆ ئەو تابۆش لە ناو دەچێت، کە کەمەگە ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردن و ڕازاندنەوەی ئەو تابۆیەدا, هەروەها" هەموو کەمەگەیەك لە سنووری سیستەمە کەمایەتییەکەی خۆیدا پێویستی بەبوونی کەمەك تابۆ هەیە، تا بتوانێت ئەو کەبوونەوە پەدەن کەمەگە بپارێزێت"(پشەو عەبدوڵا، ٢٠١٩،

١٥) ئەم جگە لەوەی کەمینک تا بە هەن لە نێو هەموو کۆمەڵگاکاندا هاوبەشن, بە نموونە هەندێک لە تا بە سەکسی و ئاینیەکان، کە دەربەینیان لە نێو زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا قەدەغە و ڕەگ پەنەدراوە، چونکە ئەو کۆمەڵگایانە خاوەن دابونەریت و ئاینی هاوبەشن.

کەواتە دەتوانین بڵێن: پرسەی بە تابەبوون، بریتیە لەو پرسەی کە کە وشەیەک یان ڕستەیەکی ئاسایی و ڕەگ پەدراو، دەبێتە چەمکێکی قەدەغەکراو و نائاسایی. جا لەبەر ئەوەی پرسەی بە تابەبوون لە نێو کۆمەڵگە ڕووەدات، تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەیان هەیە لە چاندنی ئەو تابەیە و بزوێنەری سەرەکی ئامادەی دروستکردنی تابۆن، واتا تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی، کاتێک ڕووبەڕووی گۆڕان دەبینن و ناوی ئازادییان بەرگوێ دەکەوێت، بەهەی ئەو ئەزموونە خراپی لەگەڵ ئازادیدا پەدا تێپەڕیون، ڕاستەوخۆ لە بیری مرۆڤکاندا کۆمەڵ وێنە و مانایەکی تر دەهێنێت، کە دواجار ئەم وێنە و بیرانە، خەی لە نێو چەندین تابۆی سەکسی و ئایندا خەی دەبەنتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم پەیسیە هەرەمەکی و دوور لە چاوەڕی گۆڕانکات و دوای ماوەیەک درک بە پاشماوەی ئەم جۆرە پرسیە دەکرێت، دەتوانین بڵێن: ئەم پرسەیە لەژێر کاریگەری مرۆڤدایە و لە هەمانکاتدا مرۆڤکان درکی پێناکەن، چونکە وەک کۆشە جەستەیی و تەندروستیەکان، ڕاستەوخۆ جێپەنجی خەی دیاری بکەن، بەڵکو پاش ماوەیەک و دوای تەواوبوونی پەیوەندیەکە و بەاوبوونەوەی بە نێو جومگەکانی کۆمەڵگەدا هەستی پەدەکرێت.

وەک هەموان دەزانین هەمیشە لە نیوان زمان و بیردا پەیوەندیەک هەیە، بە نموونە قسەکەر قسەیەک دەر دەبڕێت، ئەو گوێگر لەگەڵ ئەو ئەزموونە گەنجکراوەی هەیەتی و پەدا تێپەڕیوە لەکی دەداتەوە و لە تەرازووی بیریدا هەڵسەنگاندنی بە دەکات،واتا" دەربەینە زمانیەکانمان هەڵگری بیرکانمانن زادە و هەنگدانەوە و گوزارەوە و دەربە و هەڵگری ئەو تەگە (چەمک) و بیروبۆچوون و تەروانینانەن کە لە هزرماندان."(د.هەمن عەبدولحەمید شەمس، ٢٠١٨، ١٣٩) بەیە کە گوێگر گوێی لە چەمکی ئازادی دەبێت، ڕاستەوخۆ لە بیر و هۆشکی مرۆڤدا بەشێوەیەکی پیلەکانی کۆمەڵ تابۆیەکی سەکسی و کۆمەڵایەتی بەدوای خەید دەنێت.

بەگومان هەر باردودەخە کۆمەڵاتیەکەیە، کە چەمکی ئازادی بەرەو

لەواری بە تابەبوون بردووە و چوارچێوەیەکی تایبەتی پێبەخشیوە، چونکە" تابۆی کۆمەڵایەتی بە پێی پێوەر و پرەنسیپەکانی دینیی و سێکسیەوە داتای تایبەتی دروست دەکەن"(م. سیروان سمین احمد، ۲۰۲۱، ٤٥٦)بە نموونە: کەسێک باس لە ئازادی ئافرەت یان ئافرەتی ئازاد دەکات، ئەو کەسەی کە گوێگرە، بەهەی ئەو ئەزموونە خراپەی لەگەڵ ئازادی ئافرەت هەبووە، یان هەڵە تێیان گەیاندووە، ئاستەوخۆ دوای شێوەکردنی ئەو دەستەواژە لە ئاوەزیدا دیدگایەکی خراپی بە دروست دەبێت.

"ئەو کەرەستە و دەربڕینە زمانیانەی، ڕووی وتنیان نییە و هەڵگری واتای نەشیاو و ناپەسەندن و ناوهێنانیان بەشێوەیەکی ئاستەوخۆ بەپێی هەندێک ئاین و کەلتوور و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان قەدەغە و ڕێگە پێنەداوە، یاخود مایەی نەنگی و شەرمەزاری و بێئەدەبی و پێچەوانەی ڕەفتار و کەسا و ئاکارەکان پیشاندەدات، بۆیە بە دوورکەوتەوە لە وشە تابووکان و پیشاندانی خەڵوەت و دەربڕینی شیاو و جوان کۆمەڵێک وشەی سینۆنیمی لە بەرامبەر ئەو وشانە دێنە کایەوە، کە تاڕادەیەک گوتن و بەکارهێنانیان ڕێگە پێدراوە."(پەستەم محەمەد ئەحمەد، ۲۰۱٦، ٥٤) بۆیە ئەوانەی وەها پێیان وایە، کە چەمکی (ئازادی) تابۆیە و سیمایەکی تابۆیە بە باڵادا کردووە، وای بۆ ئەچن، کە ئازادی هاوواتایی هەندێک لە تابۆ سێکسی و ئاینی کۆمەڵایەتییە و کەسێک گەر بیەوێت هەرش بکاتە سەر پیرۆزییە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان، دێت لە ژێر ڕۆشنایی ئازادییەوە کار بە مەرامەکانی دەکات. واتا وشەی ئازادی وشەیەکی سادە و ڕێگە پێداوە، بەتام لە ئەو چەمکانەی خێیان بە ئازادیدا هەڵواسیوە، زیاتر ڕێگەزی تابەبوونیان پێبەخشیوە.چەند هەکارێک هەن، کە چەمکی ئازادییان بەرەو تابەبوون بردووە، کە دەتوانین لە خوارەوە ئاماژەی پێبکەین:

١.تێنگەیشتن لە ئازادی:

زۆرجار تێنەگەیشتمان بەرانبەر بە هەندێک چەمک و مانا، وا دەکات تێگەیشتنێکی خراپمان بۆی هەبێت، نەک هەر چەمکەکان، بەڵکو ئەمە بە گفتوگۆ و پەیوەندییەکانی ڕۆژانەشمان تەواو دروستە، چونکە ڕێنگە گوێگر بەهەی تێنەگەیشتنی لە قسەکەر, جۆرە تێگەیشتنێکی تری لا دروستبێت، دوور لەو مەبەستەی کە قسەکەر ویستوێتی وەک پەیامێک بە گوێگری بگەیەنێت. هەروەها هەر تێنەگەیشتن لە ئازادییە، وا دەکات ئەوانەی کار لەسەر ئازادی دەکەن، بە شێوەیەکی هەڵە بەکاربهێنن.

٢. قەستنەوەی ئازادی، بە بەرژەوەندییە کەسییەکان:

کەمتەرخەم کەسانێك هەن، جا لە هەر پلە و پایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بن, هەمیشە چەمکەکان و ماناکان، بەو شێوەیە دەخنەووە، کە سوودی بە بەرژەوەندی کەسی خۆیان هەبێت، دیاردەی ئازادیش وەک یەکێک لەو چەمکانە بووە بە قوربانی کەمتەرخەمێك بەرژەوەندی کەسی و بە پێی ویست و ئارەزووی خۆیان کاری لەسەر دەکەن.

٣. فۆبیای ئازادی:

"فۆبیا لە وشەیەکی یۆنانی وەرگیراوە، بە واتای (ترس) و گوزارشت لە کەمتەرخەمێك حاڵەتی تیرەر و دڵەڕاوکێ و ترس و دڵەڕاوکێ دەکات کە پەیوەندییان بە شت و شوێن و ئەزموون و بارودۆخی تایبەتەوە هەیە."(ارثر بیل،٢٠١١، ٧). فۆبیا ترسێکی ئاسایی و سادەی نیە، بەڵکو ترپەکی ترسە، چونکە ترسی ئاسایی جەرەکە لە ئامادەباشی بەرانبەر هەرشەکان، کەچی فۆبیا ترسێکی دەخیلە و لە دۆخە تایبەتەکاندا دروست دەبێ. فۆبیای ئازادی، یەکێکە لە تێکچوونە دەگمانەکان، کە زیاتر دووچاری ئەو کەسانە دەبێت، کە ئازادی کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانیان، بە نموونە وەک دەسەڵاتدارەکان، بە تایبەتی ئەو دەسەڵاتدارانەی کە بناغەی دەسەڵاتەکانیان لەسەر ناهەشیاری و سەرکوتکردنی هاوڵاتیان بنیادناوە، چونکە ئازادی بەڵای ئەوانەوە وەک گەڕانێکی بە ئاگابوونەوە وایە، کە لە دڵ و دەروونی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەوە هەڵدەقوڵێت.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

لە ئەنجامدا، گرنگیشتین بڕوای, کە چەمکی ئازادی لە قۆناغی بە تایبەبوونی دایە لە کەمتەرگەی کوردی، لەبەر ئەوە هەکارانەی کە لەسەرەوە خستومانەتەروو و ئەگەریش ئەم پرسیە درێژە بکێشێت، ئەوە لە داهاتوودا کاریگەریەکان زیاتر و زەرەر دەبن.

-_____

سەرچاوە کوردییەکان:

١. پێشەوا عەبدوڵا، ٢٠١٣، دەروونشیکاری شیعری کوردی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٢. پێشەوا عەبدوڵا، ٢٠١٩، تابۆشکێنی لە موفتی پێنجوێنی، گۆڤاری

باران گەڤارەکی وەرزی ئەدەبییە.

٣.هەمەن عەبدولواحید شەمس، ٢٠٠٦، شەواز و دەربەین لە بنە کەمەایەتییەکاندا، نامەی ماستەر کۆلێژی پەروردە، زانکۆی کۆیە.

٤.هەمن عەبدولواحید،٢٠١٨، پەیوەندی و کارلێکی زمان و بیر(تابۆی سێکسی بە نموونە) گەڤار زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٢، ژمارە٣، کۆلێژی پەروردە زانکۆی کۆیە.

٥.ڕەستەم محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٦، سینەنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا، نامەی ماستەر، کۆیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆ سلەمانی.

٦.م. سیروان سمین، (تابۆ لە پەندی پێشینان)دا، ٢٠٢١، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، مجلد:١٦، عدد:٢، زانکۆی کەرکوک.

٧.ئەحمەد شابانی، ٢٠١٠، فەرهەنگی سیاسی، چاپی یەکەم، دانشگاە کردستان، سنە.

٨.ڕۆبەرت دال،و:د.سمیر ئیبراهیم حەسەن، ٢٠١٢، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە، دەزگای وەڵا، چاپخانەی کارە.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

١.علي بن حسين بن احمد، ١٤٣٢ هـ مفهوم الحرية- دراسة تاصيلية-، بحث ماجستير، الرياض.

٢.م.د . علاء شنون مطر،٢٠٢١، مفهوم الحرية و الحتمية فى فكر الفلسفي اليوناني، 2021) 34/35 NO. 1 VOL. / ARCHIVES / HOME):) مجلة كلية الفقه.

٣. م.د أسعد طارش عبد الرض، النظم الديكتاتورية قراءة في المضامين النظرية،مجلة تكريت للعلوم السياسية مجلة علمية دورية محكمة المجلد/3 السنة/3 العدد/6 حزيران 2016 – رمضان 1437 :ISSN 2073 _ 1140.

٤.ارثر بيل، ترجمة:عبدالحكم الخزامي،٢٠١١، فوبيا، دار الاكاديمية علوم،طبعة الاولى،قاهرة.

سەرچاوە فارسییەکان:

۱. سیدحسین رضوانی، فصلنامه سیاست خارجی سال سیام، شماره 4، زمستان 5931، صص 39-51،حق آزادی بیان و مسئولیت بینالمللی کشورها در قبال آن.

۲. فرهاد طهماسبیپور, حق آزادي عقيده و وجدان، تاریخ دریافت: 1331/2/3 تاریخ پذیرش: 1331/4/22
⋆ دانشجوی دکتری((نظریهی حقوق و تاریخ دولت و حقوق»، آکادمی حقوق و علوم سیاسی دوشنبه- تاجیکستان.

ئەم توێژینەوەیە، لە ژمارە٢٣ی (گەڤاری شارباژێر)دا بڵاوبۆتەوە.

سەسیەمۆتری چیە؟.. زاهیر عەبدوڵڵا

هەنگە زۆربەمان لە نێت فلیکس فیلمی نوسەرانی ئازادی Freedom Writers ـ بینیبێت، ئەم فیلمە، فیلمێکی درامی ئەمریکییە لە ساڵی ٢٠٠٧ بەرهەم هێناوە لە نووسین و دەرهێنانی ڕیچارد لاگرافینیز Richard LaGravenese و هیلاری سوانک Hilary Swank ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوە. فیلمەکە ڕوداوێکی ڕاستەقینەیە و باس لە شەوازی ناوازەی ئیرین گرووت Erin Gruwell دەکات، کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی کتێبی ڕۆژنامەی نووسەرانی ئازاد، کە چۆن مامۆستایەک و ١٥٠ هەرزەکار نووسینیان وەک ئامانجێک بەکار هێنا بۆ گۆڕینی خۆیان و دەوروبەریان. : فیلمەکە جۆهەری ئەو ئەو کتێبەیە کە ئیرین و خوێندکارەکان نووسیان.
ئیرین لە سەرەتادا بەنیازی ئەوە بووە بچێتە قوتابخانەی یاسا بۆ ئەوەی ببێتە پارێزەر نەک مامۆستا. دوای ئەوەی لە هووماڵی هەواڵەکاندا سەیری ئاژاوەییەکانی لەس ئەنجلەسی ساڵی ١٩٩٢ی کرد، بڕیاریدا پیشەکەی بگۆڕێت بۆ مامۆستایی، چونکە پێیوابوو پەروەردەکردنی خوێندکاران دەتوانێت جیاوازییەکی زیاتر دروست بکات. ئەو هەڵوێستەی بوو و وتی: "من بیرم لەوە کردەوە خودایە، تا ئەو کاتەی تە بڕگری لە منداڵێک دەکەیت لە هۆڵی دادگا، شتێک پێشتر دێناوە. پەموایە کە شتێی ڕاستەقینە دەبە لەڕە، لە پاڵی

خوێندنداگەووبدات
بەواتای پێش ئەوەی کەسەکە کەتنەکە بکات و تە بەرگری لە بکەیت دەبا لە پێلی خوێندنداکەسەکە دروست بکەیت، پێویستی بەدادگا نەبێت.
ڕووداوی فیلمەکە لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە ویلایەتی کالیفۆرنیا ڕووددات، کە هێشتا هەست بە کاریگەرییەکانی ئازاوەگێڕییەکانی ساڵی ١٩٩٢ی لەس ئەنجلەس دەکات،
لە دوای بڵاوبوونەوەی نووسرانی ئازادی بووتە بابەتی گفتوگۆ لە دووبارە داشتنەوەی شەوازەکانی وانەوتنەوەدا، بەتایبەتی لە پێلەکاندا کە منداڵانی جەربەزە، سەرچێ و مەترسیداری دەدایە ئەو شوێنانەی سەر بەکیشەن و ئە ناوچانەی کە گروپ گرۆپەن و بە گەتە ناسراون،
فیلمەکە باس لەوە دەکات کە مامۆستایەکی ژن ناچاربوون لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری تووندوتیژی ئامادەیی کاربکەن کە بەردەوام ململانێیان، ئەو دامەزراوە پەروەردەییەی کە قەدریان نازانێت و هیچ نیازێکی نییە وەبەرهێنانیان تێدا بکات، پشگوێ خراون. شانگەزی خوێندکاران بە شێوەی جەراوجەر تەنها لە دژی مامۆستایە هەروەها گەرژی لە نێوان خوێندارانەدا، لە نێوان گروپێ نەتەوەییە جیاوازەکانیشدا هەیە.
پێلەکە لە (ئیسپانی، ئەفریقایی-ئەمریکی، ڕۆژهەڵاتی) پێکهاتووە. هیچ شتێک پێکەوە نایان بەستێتەوە.
لێرەدا دەرهێنەر نوسەری فیلمەکە و تەنانەت خاوەنی بیرۆکەکەش ئەرین گورێل پێنا دەبێنەوە بەر چەمکی سەسیە مەتری لای مەرینە، باشترین شت ئەمە کە لە چەمکی سەسیەمەتری جاکەپ مەرینە بگەین بینینی ئەو فیلمەیە.


مامۆستا وەک پارچە گۆزەیەکی تەنکی شکاو پارچە شکاوەکانی خوێندکاران هەڵدەگرێتەوەو پێکیانەوە دەنێتەوە، سەسیەمەتری خوێندکاران بەم شێوەیە پیشان دەدات کە بەراوردیان دەکات کە (دایک و بابی مردووە، کە خزم و کەس و کاری بە کارە، کە خوشک و برای دەستگیر کراوە، چەند کەس لە پێکدادانی باندەکان کەسی نزیکی لە دەست داوە، کە لەسەر یاسا شکێنی دەستگیر کراوە؟) کە سەر بە هەمان نەتەوەیە، کە مانیان لەیەک گەڕەکە، کە لە یەک کیشوەڕەوە هاتوون. سەسیەمەتر خوێندکارەکان چەند شتێکی هاوبەشیان هەیە. ئەقڵی هاوبەشیان لە دروست دەکات، دەکەونە دەزیندەوە شتی هاوبەش لەگەڵ یەکتردا، پاشان دەزیندەوەی جیاوازی.
ئەم بەراوردکردنەی سەسیەمەتری دەبێتە بنەما بە دروستکردنی

پەیوەندی سەزداری نوێ و گرژان بەدوای زانیاری ئاستەقینە لە نێو منداڵانی قوتابخانەدا، کە لووتکەی دەست پێدەکەن
ساتێک بە هاوکاریکردن لەسەر بابەتکانی بەرژەوەندی هاوبەش، لێوانێش نووسینی داهێنەرانە. لێرەدا کە باسی سەیدراما کرا، ئەی سەیدراما چیە؟
سەیدراما شێوازێکی نەرم و نیان بە کارکردن لەگەڵ تاک و گروپەکان و پشکنینی ئەو سیستەمە جیاوازانەی تێیدا دژین و کاری تێدا دەکەن، گرنگی کاری سەیدراماتیک لەسەر پەیوەندییەکانی ناو تاکەکانی ناو گروپ ، پەیوەندی گروپەکان لەگەڵ گروپەکانی تردا و هەروەها نێوان گروپ و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە. ئەمەش لە ڕێگەی تەکنیکە چالاک و داهێنەرکانەوە دروست دەبێت کە بەشداربووان سەرقاڵی کارکرنی هەردوو جەستەیی و ڕۆحن. بە پێچەوانەی سایکەدراما کە گرنگی بە تاک و کەشە ناو دەروونییەکانی دەدات، تەرکیزی سەیدراما لەسەر گروپە بەگشتی.
زەر گرنگە بزانین ئەمە چۆن سەیری یەک دەکەین، چ تێوانینەکمان بە یەکتری هەیە، چ ڕێکەمان پێدەدرێت کاتێک دەچینە کۆمەڵگایەکی گەورەترەوە. هەندێک جار پێدەچێت هەمان کەس تەواو هەمان کەسایەتی خۆی وەربگرێتەوە، بەڵام بۆچی؟ ئەوە چیە کەوا دەکات مرۆڤ هەست بە دڵنیای بکات، زیاتر بیت، بەدەستهێنات بیت یان گۆڕج و نەدیوبدی بیت لە کۆمەڵەو یەکێتیەکانەدا؟ ئەم پرسیارانەیە کە بەنێتە هەی سەیەمێتری بێردەوام بەکار دەهێنرێت و پڕی پێدەدرێت.
سەیەمێتری میتۆدێکە بە پەوانەکردنی هەموو جۆرە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی بەکاردێت، یەکەکە لە میتۆد و لەکەینەوەکانی مەرینە لە بارەی کۆمەناسیەوە، ئەو دیوستە ڕێیەک بەدەزێتەوە کە لەکەینەوە لەوە بکات کە پەیوەندی نێوان خشبەختێتی ڕەحی (باشبوونی دەروونی) و ستەرکتوری مرۆڤی کۆمەڵایەتی چنن. ئەو خۆی کاتێک پێناسەی سەیەمێتری دەکات بە لەکەینەوە لە گۆشەندن و ڕەکخستن لە نێو کۆمەڵە جیاوازاکاندا باسی دەکات، هەروەها چۆن تاک سەیری ڕێگەی خۆی دەکات لەناو گروپدا. لەڕێگەی سەیەمێتریەوە مرۆڤ دەتوانێت شێوە هەیکەلی گروپەکانمان لا ئاشکرا بێت، چونکە لەدەرەوە ڕا بینینی گروپ شتەکان شاراوەن ونابینرێن. لە ژێربالی ئەو گروپانەی کە سەرهەدەن، ڕێککەوتنی ئایدەلژیانە هەیە، کە بریاردەرو ناوەند بێت، پەیامانی ژێربژێر و شارە هەن.
کرداری سەیەمێتری بریتیە لەوەی کە بە پشت بەستن بە چ مەرج و پەوەرێکی جیاواز یەکتری هەدەبژێرین. ئەوەش دەتوانێت ئاگاهی وشیاری فەردی زیاد بکات بەرامبەر بەو بژاردانەی هەیدەبژێرین. ئەمە لەگەڵ هەوەستی هەبژاردن و تەنگی و دوێان و جەراوجەر

کاردەکەین بۆ ئەوەی بزانین تا چەند خەمان چالاکانە هەوڵستێک دەگرینە بەر و بەرپرسیارێتی لە ژیانماندا دەگرینە ئەستۆ بۆ ئەوەی خەمان لەو قسە هەبەستراو و بۆ مانایە بەدوور بگرین کە دەڵێت "شتەکان تەنها ووددەن و من لە هیچ تێناگەم". ئەوەش تەواو ڕەک وەک فیلمەکە کە دەسەاتدارانی پەروەردە هیچ دەربەست نین بۆ گەانکاری لە فیلمەکەداو دەڵێن، ئەڕە خۆی هەروایەو چاک نابێت بۆیە هیچ سەرمایەگوزاریەکی تێدا ناکەن. هەروەها پەیوەندی بەوەو هەیە کە مەڕۆف جێگایەک بەدەزێتەوە لە ناو کەمە و گروپداو لەکەینەوە لەوە بکەیت و تێبەوانیت کە بۆ چ شتەک بەوانەوە دەمانبەستێتەوە، چۆن پەیوەندیم پەیانەوە هەبێت، کە بەو شێوەیە بیرمان کردەوە نەرم و نیانیانمان زیاد دەبێت ەحی گونجاندنمان پەڕە پیدەدین. هەموو دەخ و هەوەستەکی هەبژاردن پەیوەستە بۆ "لەڕە و لە ئەستادا" لەسەر پەوەرەکی دیاری کراو جێبەجێ دەکرێت.

سپەکترەگرام: کاتەک بۆ پەی پەوەرەکان بوونی تە لەویدا هەیەو بۆ گویرەی پەوەرەکان دوور و نزیکیت لە سەنتەرەوە کە سەرکەردەی لێیە، سەرکردە وات لێی دەکات کە بەگۆ بەهێنیتەوە لەوەی کە چەند لە ناوەندی گروپەوە نزیکیت. بۆ پەی ئەو پیوەرانە.

لەکەگرام: وجودی تە پەیوەستە بەوەی لەچ گروپەکدا هەیت.



ڕەوەندی سیاسیی هەرەمی کوردستان لە پێوەندیدا بە خەباتی چینایەتییەوە..
موئەیەد ئەحمەد

خەباتی سەربەخۆی چینایەتی کرێکاران بە چ مانایەک؟

بە شیوەیەکی گشتی، ڕەوەندی سیاسی هەم لە هەرەمی کوردستان و هەم لە سەرتاسەری عێراقدا، لەدەرەوەی کاریگەری و دەخالەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ستەملێکراون بەیەوە ئێچە، چونکە جومگە سەرکییەکانی ژیانی سیاسی کۆمەڵگە و دەسەڵاتداریەتی و

دەوڵەتبەیوەبردن و ئەپەزسیۆنی پەرلەمانیش، قەرغکراوی دەستی حزب و هێزە بورژوا ئیسلامی و قەومی و نیولیبرالەکانە. ئەمش ڕەنگدانەوەی پلەیەکی دیاریکراوە لە هاوسەنگی هێز لەنیوان چینەکان کە لە بەرژەوەندی بورژوازی و ژێمەکەیە لە ئیستادا، و هێروهها نیشاندەری دوورخستنەوەی چینی کرێکار لەم داینامیزمە سیاسیانەی کەمەگە، بەزەبری سەرکوت و کاریگەری ئایدیۆلۆژی و سیاسی ناسیونالیزم و ئیسلامیزم و نیولیبرالیزم لە سەر ئەم چینە خەباتی.

بەڵام ئەو واقیعە بەو مانایە نییە کە چینی کرێکار و تەیژە چەوساوەکان، دەستبەرداری خەباتی ئابووری و سیاسییان بووبن، و یان بورژوازی دەستبەرداری چینی کرێکار بووبێت، و سیاسەت و ئایدیۆلۆژی خۆی بەدوور لەیان و تەنها لەناو چواردیواری کۆشمەکۆشکانی دەروونی کەمپی بورژوازی و ڕەوت و هێزسیاسییەکانیدا قەتیس بکات.

کرێکاران و تەیژە نەدار و زەحمەکێشەکان لە عێراقدا، بەهەرەمی کوردستانیشەوە، وەک هەر وڵاتێکی سەرمایەداری دیکەی جیهان، هەمیشە لەناو سیاسەت و داینامیزمی کۆشمەکێشی چینایەتیدان، چونکە، لە لایەک، خەیان سەرقاڵی خەباتی ئابووری و سیاسیین بە باشترکردنی ژیانیان و هەلومەرجی کاریان و بەدەستهێنانی بژێویەکی باشتر، وهەروەها بە پتەوکردنی ڕێزی خەباتیان و بەئاکامگەیاندنی ئامانجی سیاسییان، و لە لایەکی تریەوە، بورژوازی ئێیانهێنەتە ناو بازنەی سیاست و ڕەوندە سیاسییەکانەوە.

ئەوە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە نوێنەرانی سیاسی و فیکری بورژوازی و ژێمی ئەم چینە هەردەم کارئاکات لەسەر چینی کرێکار و زەحمەتکێشان، و خەریکی مشغوڵکردنیانە بەکاری سیاسییەوە، بەڵام بە جڵەوجۆکردنی ئامانجە سیاسی و ستراتیژیکانی خۆی وەک چینی دەسەڵاتدار. لە بارودۆخی ئاسایی و نەرمال و جگیریی ڕژێمی دەسەڵاتی بورژوازیدا، ئەوە بەڕوونی بەدیئەکرێت کە چۆن نوێنەرانی بورژوازی لە هەوڵی بەشداریپێکردنی کرێکاراندان لە پرسەی دەنگدان و هەڵبژاردنەکان، ڕێفراندەمەکان، و یان سەرقاڵی ئەندامگیرین لە نیوانیاندا و پێوەستکردنیان بە حزب و تەڵە کەمەڵایەتی و فیکری و سیاسییە جەراوجەرەکانی خەیانەوە. ئەمە جگە لەوەی کە سوپا و هێزە چەکدارەکانی دەسەڵات بەپلەی سەرەکی لە تەیژە جەراوجەرەکانی پرۆلیتاریا پێکهاتوون، و سەربازەکان لە ژێر فەرمانی ئەفسەر و ئەبەر و دەستوودایرەی ژێم و چینی سەرمایەداراندان، و لەکاتی کۆشمەکێش و جەنگی دەڵەتییدا یان شەر و پێکدادانی نیوان لایەنگانی بورژوازیدا، ئەوە هەر پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشان و چەوساوەکانن کە

بە پلەی سەرەکی هاپێچ ئەکرین بە ناو دەزگای جەنگ، هەر ئەوانیشن کە زەربەی کاریگەرساتە ئینسانی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی بورژاوزی لە فەرمی جەنگدا ئەشکەنجیتەوە بەسەریاندا.
لەناو ئەم بارودۆخ و هەوەندانەدا و بەشیوەی جەراوجەر خەبات و کەشمەکەشی جەماوەری کریکاران و چەوساوەکان بەووی شکاندنەوەی باری قورسی هەوەندە سیاسی و سەربازی و کۆلتوریەکان بەسەریاندا، بەردەوامە، بەڵام، لە هەمانکاتدا ئەوە واقعییە کە چینی کرێکار و تەنژە کۆمەڵایەتییەکانی؛ زەحمەتکەشان، ژنانی کرێکار و ستەملێکراو، گەنجانی بێکار، هەر لەسەرتاوە لەژێر هەڕەشەی مەجبوریی ئابووریدان و پەویستیانە ژیانی هەژانیان بەبێبەکەن. هەر بەم پێیەش لە ژێر هەڕەشەی مالکیەتی ئیحتیکاری سەرمایە و دەوڵەتدان بەسەر سەرچاوەکانی بژێوی مادەی ئینسانەکان و پرسەی کار و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانداە، و وەک کێڵەی هاوچەرخ و دیلکراوی سیستەمی سەرمایەداری دژی ناوەندی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کەشمەکەشە جەراوجەرەکانی کۆمەڵگەوە.
سیاسەت و ترادسیۆن و پراتیکی سیاسی، کۆلتور و فیکر و ئایدیا و موراڵەکان و بەهاکان هەر لەسەرتاوە مارکسی چینایەتییان لەخۆگرتووە، و جیاناکرێنەوە لەم دابەشبوونەی کۆمەڵگە بە دارا و نەدار، پرۆلیاریا و بورژوازی، و دانابڕێن لە ستراکچەری ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی.
هەر بۆیە مارکسی چینەکان و خەباتی چینایەتی سەبەری خەی ئەکەشە بەسەر پانتایی هەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و کۆلتوری کۆمەڵگەدا، و هەردەم ئەم مارکسە چینایەتییە دووبارە بەرهەم ئەهێنرێتەوە.
هەر لەم ڕاستایەشدا، ئەوە ئاشکرایە کە چینی کرێکار و تێژە کۆمەڵایەتییە ستەملێکراوەکان، بەتەنیا نین و لە بەشایدا ناژین، بەڵکو لەناو کۆمەڵگەدان و لەناو فەماسیۆنکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سوپەرستراکچەرکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و حقوقی و کۆلتوریدان، و بە بەردەوام لە لکۆتدان لەگەڵ چین و تێژەکانی تری کۆمەڵگە لە بورژوازی و وردە بورژوازی. هەر وەک لینین ئاماژەی پێداوە دیوارکی ئاسن نییە لە کۆمەڵگەدا لە نێوان چینەکاندا، هەروەها، مارکس لە پەرتووکی "ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی" دا ئەڵێی: "بیروباوەڕی زاڵەکانی ناو کۆمەڵگە بیر و باوەڕکانی چینی دەسەڵاتدارە"، وە ئەنگێزیش جەخت لەسەر خەباتی تیوری وەک لایەنکی خەباتی چینایەتی سەربەخۆی کرێکاران ئەکات.
کاتێک باس لە بەرجەستەبوونی خەباتی سەربەخۆی چینایەتی کریکاران ئەکەین، باس لە پرسەی سەرهەڵدان و چوونپێشەوەی ئەم خەباتە

ئەکەین، واتە باس لە پرسەندنی ئەکەین لە دژوونی هەموو ئەو دینامیزم و کشمەکشە سیاسی و ئابوری و فیکریانە و ئەو ێیکەوتە چیانیەتیانەدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، و هەر بەوپێیش باس لە ڕەچاوکردنیان ئەکەین لە بەرنامە و ئەجیندە و پڕاتیکی کۆمۆنیستیدا. هەر بێیە جێختکردن لەسەر ئەو ئەرکە بناغەیی کۆمۆنیستییە کە مەسەلەی گرنگ بە چینی کریکار و ئینسانی زەحمەتکەش بۆ ئاکامگیاندنی سەربەخۆیی سیاسی چینایەتییەتی و بەرەوپێشبردنیەتی بەدژی سەرمایە و سەرمایەداری، وەک گشتێک و کۆمەڵگەیەک، و وەک سیستم و سترەکچەرێکی ئابووری – کۆمەڵایەتی، سیاسی و فیکری و بە ئاڕاستەی ڕزگاربوونی کۆتایی لە کۆتوبەندی سیستمی چینایەتی کۆمەڵگە.

بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئەم چینە هەردەم لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم سەربەخۆییە چینایەتییەی کرێکاران و زەحمەتکەشاندایە، بەڵام ئەنجامدانی ئەم ستراتیژە لە سەر شقامێکی ڕاست و قیرتاوکراو بەرەوپێش ناچیت، بەڵکو بە پێهەند و ڕێوندێکی هەمەلایەنەی پڕ لە کشمەکش بەرەوپێش ئەچیت.

ئاشکرایە سیاسەت و پڕاتیکی سەربەخۆی چینایەتی کرێکاران و نەداران بە دیماگۆجی و ڕەستەی شۆرشگێرانەی دوور لە بزوتنەوەی کرێکاری و خەباتی زەحمەتکەشان بەدینایەت، بەڵکو لەناو جەرگەی ئەم بزووتنەوە و خەباتەدا و لە ململانێ بەڕووی ئایدیۆلۆژی و تیۆری و سیاسەت و پڕاتیکی چینەکانی تردا بەدیدەت. هەربەم پێیش ئەنجامدانی ئەم سەربەخۆییە وەڵامی چینایەتی کرێکارانە بە کێشە ماکرۆکانی خەباتی چینایەتی و مەسەلە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە و چارەنوسی لە هەموو وەرچەرخان و پێچوپەناکانی پرۆسە و ڕێوندی خەباتی چینایەتیدا. ئەمانەش هەمووی یانی ئەنجامدانی ئەم سەربەخۆییە چینایەتییە خۆی لە خۆیدا مۆژوویەکی زیندووی نەپچڕاو و گێشەندووی پێکهێنابێ.

ئایدیۆلۆژی بورژوازی و خەباتی سەربەخۆی کرێکاران

بورژوازی و وردە بورژوازی، و هەروها ڕۆشنبیرانیان، بە هەزار و یەک شێوە، لەهەوڵی ڕاگرتنن بە کریستاڵیزەبوونی ئەم سەربەخۆییە سیاسی – چینایەتی و فیکرییەی کریکاران لە ڕێگەی جەراوجەڕەوە لەوانە: پروپاگەندە و هێنانەوەی بەوبیانوی پوچ و فەرمانەی تیۆری ئاماژ و سەرگۆڕکەر بەناوی بەرگری لە تاک، بەڵام بە بەکارهێنانی تیۆری تاکگەرایی بورژوازی کە لەسەر ئەنتی-تێزی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە و پچراندنی تاک و کۆمەڵگە لە یەکتر داێژراوە، ڕاتکردنەوەی هەبوونی چینەکان و کشمەکشی چینایەتی، جەگرتنەوەی چین بە ملتیتیود (حشامات)ی سەروو چینایەتی، پروپاگەندەی نەبوونی

شتێک بەناوی گرانکاری سۆشیالیستی و ئایدیای کۆمۆنیستی، و گاڵتەجاری بە ئەجێندەی گەورەی کۆمەڵایەتی و گەڵانکاری شۆڕشگێڕانەی سەرجەم ستڕکچەری کۆمەڵگە و سیستەم، و هەر لەم ڕاستایەشدا، پاکانە بە هەر شتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دابەاو لە ناوەندکە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەی، لەوانە پیاهەڵخواندن و ستایشی ئایدیۆلۆژی ناسیونالیزم، سۆکیولاریزمی بورژوازی، نیو لیبرالیزم، دیمکراسی بورژوازی و پەرلمانی، سیاسەت لەسەر بنەمای شوناس و دەوڵەتی مەدەنی، ئەم سەرباری ئایدیۆلۆژی کۆنەپەرستانە و دیلهێنەرانەی دینی و ئیسلامیزم.
هەر لەم بارەیشەوە بەڕخستنی پروپاگەندەی ژهراوی بەدژی ڕەکخرابووەنەوەی ئەزمونی دکتاتۆریەتی ستالینیزم و ماویزم و سەرمایەداری دەوڵەتیی سۆفیەت، و بەمجۆرەش هەوڵ و تەقەلا بە بەبەشکردنی کرێکاران و ئینسانی چەوساوە و ستەملێکراوی کۆمەڵگە لە دەستاگەیشتنیان بە ئامڕازی حزبی و ڕەکخراویی خەباتی سەربەخۆی خۆیان، و ئەمانەش بە ئەوەی شەقام و شار و کارگە و خەبندگاکان چۆڵ ببن بە مەیدانی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و پڕاتیکی حزب و هێزکانی چینی دەسەڵاتدار و یاریکردن بە ژیان و چارەنوسی چەوساکان و سەرجەم کۆمەڵگەوە.

ناکامیەکانی ڕژێمی بەرژا ناسیونالیستی کورد و مەسەلە زیندووەکانی خەباتی چینایەتی

ڕەخنەی ڕادیکاڵ و شۆرشگێڕانە لە سەرجەم بارودۆخی سیاسی کوردستان و دەرخستنی ناکۆکیە بنچارەسەرکانی ڕژێمی بورژا ناسیونالیستی کوردی و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، و ناکامیەکانی قۆناڕی سیاسی و ڕژێمە گەندەڵ و سەرکوتگەرە میلیشیایەکەی، هەروەها ڕیسواکردنی هاوپەیمانیی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزم لەم ڕژێمەدا، و هتد لەی دژە شۆرشی هێزکانی ئۆپۆزسیۆنی دەرون- ڕژێمی نیولیبرال و قەومی، و ڕیسواکردنی پەیوەندی کۆنەپەرستانەی قۆناڕی هەرێمی کوردستان و ڕژێمەکەی و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتی) و (یەکگرتی) بەهێزە ئیمپریالیستەکان و دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی ناوچەکەوە، هەموو ئەمانە کار و ئەرکێکی گرنگن لە ڕاستای خستنەڕووی ناکۆکیەکانی هەوەندی سیاسی ئەم قۆناڕیە و دژایەتیی لە بەرامبەر بەرژەوەندی زۆربەی دانیشتوانی هەرێمدا.
بەڵام باسکردنی ئەمانە بەبێ دەستنیشانکردنی گۆڕەوگۆڕەی دەخێکە و کۆشەی ئاسۆی کۆمەڵگەی کوردستان کە وەڵامدانەوەیە بە کۆشکانی بەردەم هەوەندی بەرەوپێشچوونی خەباتی چینایەتی کرێکاران و

نەداران، تەنها ئەبەتە خولانەوە لە بازنەی ڕەخنەگری لە هەمان ئەو واقعەی کە هەیە و ئەو ڕووندە سیاسییەی کە زاڵە لە کوردستاندا، بە واتایەکی تر ئەبەتە گیان بەدوای چارەسەر بە باری ناهەمواری کەمگە لە دەرەوەی خەباتی چینی کریکار و تێزە زەحمەتکەشکان و بەرەوپێشچوونی خەباتی چینایەتی سەربەخۆیان.
دەرچوون لەو بارودۆخە نائاسایی و کارەساتبارەی کە کەمگەی کوردستان دەرگیریبووە بە خەی مەسەلەیەکی چینایەتییە و زیاتر لەهەر کات ئەنجامدانی ئەم وەظام و ڕێگەچارە چینایەتییە بوتە پەداویستیەکی ئەمرە و پێویست بوتەوە بە وەظام بە ڕێگریەکانی بەردەم پێشڕەوی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکەشان و نەداران. هەر کەسێکی ئازادیخواز و بە پەرەشی یەکسانی و عەدالەتخوازی و هەر کرێکاریکی کۆمۆنیست و ئازادیخواز کە بە دوای فەراهەمهێنانی ئاوگەی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازنەوەیە لە هەرەمدا ناکرێ خەی لەم فاکتە چینایەتییە بەدووربگرێ. وەظام بە کێشکانی کەمگەی کوردستان گرێدراوتەوە بە وەظام بە کێشە و بەربەستەکانی بەرەوپێشچوونی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکەشان، و ژنانی کریکار و ستەملێکراو، و گەنجانی بێکار و ئازدیخواز.
هەموو تێیفی (سپێکترەمی) بزووتنەوە و حزب و ڕێکخراوێ بورژوا ناسیونالیستەکان بە ڕادیکاڵ و مەدەنیانەوە، بە سێکیولار و دینیانەوە، لە دەسەاتدا بن یا لە ئۆپۆزسیۆن، هەردەم ئەم فاکتە چینایەتییە بە هەزار و یەک شیوە پەردەپۆش ئەکەن، و بە سروشتی لەناو پراتیک و سیاسەت و تیۆری بورژوا ناسیونالیزم و ئایدیاڵەکانی و ئامانجەکانیدا بەدوای چارەسەری ناکامیەکانی دەسەاتی ناسیونالیزمدان و ئیتر پاساو بە دوژمنکاریەکانی بورژا ناسیونالیزم و ئۆمەکی ئەکەن لە بەرامبەر ئینسانی کرێکار و چەوساوەی کەمگەدا.

مەسەلەی نەتەوەیی کورد و خەباتی چینایەتی کرێکاران

لێرەدا من ناچمە سەرباسی مەسەلەی قەومی لە کوردستان و شیوەی چارەسەری ئەم مەسەلەیە وەک کێشەیەکی سەرەکی کەمگە و کاریگەریی لەسەر شکاندنەوەی پارسەنگی هێزی چینایەتی بەلای ناسیونالیزم لە هەرەمدا، و ناچمە سەر لەدوانی ئەوەی کە بزووتنەوەی سۆشیالسیتی کرێکار چ ستراتیژێک ئەگرێتەبەر بە چارەسەریی، چونکە ئەمە باس و خواسێکی تر هەئەگرێ، بەڵام لەرەدا زەرورە بەکورتی ئاماژە بەوە بدەم کە لە بەرامبەر کێشەی قەومیی کوردییەدا کە لە پرسەیەکی مێژوویەدا شکێی گرتووە، ستراتیژی پرۆلیتاریای سۆشیالیست لە بەرامبەر ستراتیژی بورژوا ناسیونالیستی هەم مەرکز و هەم

هەرەمدایە و وەک دوو لایەنی بورژوازی یەک سیستمی چینایەتی سەرمایەداری ئیانناس، کە بریتیین لە بورژا ناسیونالسیتی کوردی و بورژوا ناسیونالسیتی عەرەبی، و لەسەربنەمای پاراستنی بەرژوەندی خەباتی چینایەتی و ئامانجی سۆشیالیستی و ئینتەرناسیونالیستی چینی کرێکار لە سەرتاسەری عەراقدا بەدوای چارەسەری ئەم مەسەلەویە، هەر ئەمەش کە ئەتوانی ڕێگە بکاتەوە تا دانیشتوانی هەرێم ئازادانە بریاربدەن لەسەر جۆری ئەو نیزامە سیاسییەی کە ئیانەوێت لە کوردستاندا بەرقەرار بێت، لە ناو عیراقدا بێت یا لە دەرەوەی.

تەزی دیموکراسی کۆنفیدراڵی ئەجەلان هەر چەندە چوارچێوەی مەدەلی کلاسیکی بورژا ناسیونالیستی کوردی بە پێکهینانی دەوڵەتی سەربەخۆ بەجۆرێک تێپەڕاندووە، بەڵام لە دوا شیکردنەوەدا ئەم تەزەش هەر لە چوارچێوەی ئاسەی نەتەوەیی و تیوری سەروچینایەتیدایە و کارێکی بەسەر وڵانانی ستراکچەری چینایەتی دژبەیەکی کەمەگەکانەوە نیە هەر بۆپەیەیش کەوتەتە بەرامبەر ستراتیژی چینایەتی پرۆلیتاریای سۆشیالسیت بە چارەسەری کۆشەی قەومی.

هەوەستی بەشیک لە کریکاران و زەحمەتکێشان، لە پێوەند بە بودجەوە

دەسەاتی بورژوا ناسیونالیستی کورد و دوو حزبە میلیشیایەکەی بەگرتنەبەری سیاسەتی سەرمایەداری نیولیبرالی ئابووری، و فراوانکردنەوەی هەرچی زیاتری گەندەڵی و تاڵانی، و بەخستنی پرۆژەی شکستخواردوی بونیاتنانی "ئابووری نەتەوەیی" و دەستبەرداربوون لە پشکشکردنی خزمەتگوزاری گشتیی تەندروستی و خوێندن و خزمەتگوزاریەکانی تر، پشتی چینی کرێکار و نەداران و گەنجانی کچ و کوڕی بێکاریان شکاندوە. ئەم سەرباری ئەوەی کە دەسەات و هێزەکانی، سەرکوتیان ئەکەن، و ئاپەرین و خۆپیشاندانکانیان بە وەحشیانە دادەمرکێننەوە، و موچەکانی کرێکاران و کارمەندان ئەبڕن، و هەوەتەقڵاکانیان بە خەکستن و سەندیکا پێکهێنان قەدەغە ئەکەن، و فشاری ئابووری لەسەر جەماوەری بەرینی دانیشتوان تا بێت تونددوتیژتر ئەکەنەوە بە چەندەها باجوخەراج، و بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین و نەوت و چەندین فشاری ئابووری تر، ژیانیان هەرچی سەختترئەکەن، کەچی هێشتا هەموو کەمپی بورژوازی بەهەمان ئاسە و تیەری و سیاسەتی بورژوازی ناسیونالسیتی و ناسیونال ئیسلامی دەنەسەر باسی چارەسەرکردن. هەربۆیە ئەوانیش، واتە بورژوازی و نوێنەرانی سیاسی ئەم چینە، ئەو ئاستییە ئەسەلمێننەوە کە لە دیدگای بەرژەوەندی چینایەتی خیانەوە سەیری

کۆمەڵگای کوردستان و چارەسەریان ئەکەن.
شانبەشانی سەرهەڵدانی جموجووڵی کرێکاران و کارمەندانی بەشەکانی تری عێراق، لە کاتی ململانێی لایەنە سیاسییەکان و پارلەمانتارەکانیان لەسەر بوجە و دابەشکردنی، کرێکاران و کارمەندانی هەرێم جارێکی تر هاتنەوە دەنگ لەسەر مووچە بڕاوەکانیان، و هەروەها بێکاران و لاوان و جەماوەری ناڕازی لە دەسەڵاتی هەرێم کۆتنەوە دەربڕینی بێزاریان بەدژی هەژاری و بیکاری و گەندەڵی.
لەگەڵ ئاوەشدا کە ئەم شەپۆلە لە بێزاری و تووڕەیی جەماوەر لە هەرێم شکڵیگرت، بەڵام چەشنی زۆربەی جارەکانی تر، هەم تێبلیغی ژەهراوی ناسیونالیستانە و ناوچەگەریانەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی)، و هەروەها پڕوپاگەندەی هەڕەتینەرانەی بەرژوا ئۆپۆزسیۆنی چەشنی (نەوەی نێ) و (حزبە ئیسلامیەکان)، و لەسەرووی هەموویانەوە بەهەکاری پڕژووبڵاوی ڕێژەکانی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان، نەگەڵا بە بزوتنەوەیەکی جەماوەری کاریگەر.
ئاوەی گرنگە ئاماژەی پێبدەم لێرەدا، ئاستی ئەم بێزاری و تووڕەییە بە شێوەیەک بوو کە، وەک جارانی پێشوو، بەشێک لە کرێکاران و کارمەندان و بەهەژارکراوان بەڕوونی باسیان لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناسیونالیستی کوردە بە سەر ژیان و بژێوی و چارەنوسیانەوە، و داواکاری ئەوەن کە دابەشکردنی موچە، و تەنانەت بەشی بودجەش بە خزمەتگوزاریەکان، ڕاستەوخۆ لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە بێت، و ئەمە جگە لە کەمکردنەوەی داوکاریکی تر کە مانا کرداریەکەی کەمکردنەوەی دەور و نەخشی سیاسی هەرێمە وەک حکومەتکی فیدڕاڵ.
لە واقعدا، ئەم دیاردەیە شێوەی ناڕازایەتی دەربڕینی بەشکی کرێکاران و بەهەژارکراوانی هەرێمی کوردستانە کە ئاینەوەت هەر چەن بەت هەندی لە ئازاری برسێتی و نەداری و بێکاریان کەمبکەنەوە، دیارە پاش بەئەمیدیان لە فەرزکردنی هەر ڕیفورمک بەسەر دەسەڵاتدا لە هەرێم. لەم نەوەدا (یەکێتی) بەشکی ئەم ناڕازایەتیانەی لە قاڵبەدا بە بەرژەوەندیەکانی خۆی و کەشمەکەشکانی لەگەڵ (پارتی)دا بەڵام ئەمە هەموو چیرۆکەکە نیە چونکە ناڕازایەتیەکان فراونترن لەوەی ئاوا ڕامبکرێن. لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە ناڕازایەتی دەربڕین و داواکارایانە شێوەیکی دیاریکراوی دەخاڵەتکردنی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشیانە لە دەرەوەی بازنەی کاریگەریی ئایدیۆلۆژی ناسیونالیزم، هەروەها گرانە بەدوای وەڵام لە دیدگای سەربەخۆی چینایەتی خۆیانەوە.

لە کۆتاییدا، ئەبینین کە دوو وڵامی چینایەتی جیاواز ئەدرێتەوە بە یەگەی دژچوون لە بارەدۆخی ناهەمواری کوردستان، وڵامی پرۆلیتاریا و وڵامی بورژوازی. ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە وڵامی بۆشیک لە چینی کرێکاران و نەداران و زەحمەتکێشان هێشتا نەیتوانیوە هێژموونستی چینایەتی خۆی بە دوور لە هەردوو کەمپی بورژوازی، واتە دەسەڵاتی هەرێم و ناوەند نمایش بکات. ئەویش لە بەر ئەوەی هێشتا چاوەڕوانیی هەیە لە بورژوا ئیسلامی و قەومی دەسەڵاتدار لە عێراق کە یارمەتی بدات لە بەرامبەر ناسیونالیزمی کورددا. ئەمە لە کاتێکدا کە چینی کرێکار و تێڕۆکۆمپانیەتیەکانی، بەر لەهەر شتێک پێویستیان بە یەکخستنی ڕیزەکانی خەباتی خەیانەت لە کوردستان و هەم لەسەر ئاستی عیراق بە ئاسەی چینایەتی و ستراتیژ و سیاسەتی سەربەخۆی خەیانەوە، و بدیهێنانی هاوخەباتی یەکگرتوویان بە ڕزگاربوون لە سیستمی سەرمایەداری و ژێمەکەی هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لە عێراقدا، و هێنگاونان بەرەو بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بە چین و ئازاد و یەکسان.

۲/۷/۲۰۲۳

کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بە تیشک.. ڕزگار شێخانی

وەرگێڕی خۆیاتی: تەرجەمەی ئەدەبی سوێدی بە زمانی بێگانە ــ ئەکادیمیای سوێدی ۲۰۱۸

ــ **کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بە تیشک** ــ ئەم دواداوەی شیعری (کۆمەڵنا) ی دەشاد عەبدوڵایە لە دیوانی ــ **کات زێڕە، بەڵام چی لە کات بکەم** ــ کە لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا بە یادی ــ پاول سێلان ــ وە (۱۹۲۰ ــ ۱۹۷۰) نووسیوەتی.

پاول سێلانیش شیعرێکی بەم ناوەوە هەیە، کە شیعرێکی خۆشویستیە و بە ئینگلیزی باخمانی نووسیوە. باخمان لە نەمسا لە دایک بووبوو. باوکی ئەندامێکی چالاکی نازیەکان بوو، سێلان ــیش

پەناهەندیەکی جووی ڕوومانیا بوو. باخمان لە ڤیەنا دەژیا، لەو بەشی فەلسەفەی دەخوەند و خاریکی نووسینی دکتەرانامەکەی بوو لەسەر هایدگەر و هەر لە ڕۆگەی ئەویشەوە سەلان ئاشنای فیکری هایدگەر دەبێت و دەست بە خوەندنەوەی بەرهەمانی دکات و پاشان دەبن بە هاوڕێی یەکتر.

من ئەم دەڕەم (**کاتی هاتوە، دەستەکان ببن بە تیشک**) کردووە بە ناونیشانی بژاردەی شیعرەکانی دەشاد عەبدوڵا بە سوەدی و شیعرەکەیشم وەک دوا شیعری بژاردەکە داناوە. واتە، بژاردەکە بە هەمان دەڕەشیعر دەست پە دکات و کۆتایی دێت.

ناونانی بژاردەکە بەم ناوەوە – **کاتی هاتوە، دەستەکان ببن بە تیشک** – لای من ڕەهەندی ئەدەبی، زمانەوانی و سیاسی هەیە.

سەرنجی وشەی کات Tid لەسەر بەرگی کتێبەکە بدە، کە بە تیپی گەورە نووسیومە، بەڵام بە ڕێنووسی ستاندارد بە تیپی بچووک دەنووسرە. لەردا کات وەک شتەکی ئەبستراکت نامێنێت و ئەم (کات) – ئەبستراکتە نییە کە ئەمە لە ناویدا دەژین. نا، لەردا کات دەبێت بە بوونەوەرەکی زیندوو و ڕەلی دەبێت. کتێبەکە هەر لە سەرەتاوە سەرنجی خوەنەر بە وشەی کات ڕادەکێشێت.


ئەم بەبوونەوەرکردنەی شتی ئەبستراکتی وەک کات، لە شیعردا زۆر باوە و زۆر شاعیر وایان کردووە. پاول سێلانیش، کە دەشاد شیعرەکەی بە یادی ئەوەوە نووسیوە، لە زۆربەی شیعرەکانیدا وای کردووە، کە هەم دەشاد عەبدوڵا و هەم منیش زۆر بەم شاعیرە سەختە سەرسامین.

کات لای سێلان، کاتی سەردەم و ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانییە، کە لە ناویدا دایکی و نزیکەی پەنجا میلیۆن مرۆڤی تر کوژران، یان لەبرسان مردن. ئینسان لەناو کاتەکدا دەژیا، کە هەمیشە مرۆڤی دەکوشت. دەشاد عەبدوڵایش، هەم شیعرەکە و هەم دیوانەکەیشی – **کات زۆرە، بەڵام چی لە کات بکەم** – لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا، نووسیوە، کە ئەم سەردەمەی پەتاکە زێتر لە شەش میلیۆن مرۆڤی کوشت. نووسیمە: شەش میلیۆن مرۆڤی کوشت، چونکە لە سەردەمی پەتاکەدا، شەی مرۆڤ بوو لەگەڵ کات، کە لە ئەنجامدا مرۆڤ سەرکەوت.

ناونانی کتێبەکە بە سوەدی بەم ناوەوە، (**کاتی هاتوە، دەستەکان ببن بە تیشک**) وەڵامدانەوە و دیالۆگیشە لەگەڵ دیوانی – **کات زۆرە، بەڵام چی لە کات بکەم** – ی دەشاد عەبدوڵا. دیالۆگە

لەبارەی ژووداوەکانی سەردەممان. ئەم سەردەمە زۆر ناخۆش و تاریکەی ئێستا لەناویدا دەژین، کە لە زۆر ڕووەوە لە سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاست و سەردەمی جەنگەکانی جیهانی دەچێ. مەترسی جەنگی جیهانی، کارەساتی سروشتی، گرانی و برسێتی زۆر زیادیان کردووە. مرۆڤ زۆر لەم دەخانە نیگەرانە و کاریگەریی دەروونی و ئابووریەیان لەسەر مرۆڤ هەیە. بەیە پەموایە ئێستا ـ **کاتی هاتووە، دەستەکان ببن بەتیشک** ـ و ئەم نیگەرانی و تاریکییەی جیهانی داپۆشیوە، ڕووناک بکەنەوە.

ڕزگار شێخانی ـ سوێد



-_____

وشە و بەرپرسیارێتی.. شوان حەسەن

ئەمن زمانزان و زمانناسنیم، هەشتا لە ئینووس و خانەندی دنیایەک هەڵەم هەیە. بەشکی بە کەم خەمی خەم دگەڵتاوە و بەشکیش بە ئاو پەرشوبڵاویەی زمانناسان دگەڵتاوە کە کەک و هاوانین. بەڵام زۆر گرنگی بە زانستی (مەعریفە) زمان دەدەم، حەز بە بەدواچوون دەکەم، کارکی هزریە و چژی لە وردگرم و لێوە فڕدەبم،

بەکارهێنانی وشە بە بڕپرسیارێتیکی گرنگ دەزانم.
گرنگی بەو دەدەم لایەنە مرۆڤایەتیەکی نەکەمە قوربانی نەتەوایەتیەکەی. مرۆڤم پێ لەسەرووی نەتەوە، حزب و ئایدلۆژیادا هەیە(ئاینیش لە لای من هەر دەچێتە خانەی ئایدلۆژیا) لەبەر ئەوەی دەمەوێت بابەتەکە بکەمە گشتی، ئاگرنا ئەوەی ئەمە زەربەی کات، نگرێشتنە قەناغە نەتەوایەتیەکە، بەڵکو کوردایەتیکی ماوە بەسەرچووە. زانیاریێ مێژوویەکان پەمان دەڵێن، کە ئەو کوردایەتیە تەنها لە جگەکە لەگەڵ وشەی" عروبە" کەوتۆتە فەرهەنگی ئەمە، هەڵگرانی گواستنەوەی ئەو بیرکەیە، گروپی (کاژیک) یان پێ دەگوترێت، ڕاستە لە ڕووی سیاسیەوە کاریگەرییان زۆر کەم بووە، لە خەباتی سیاسی و چەکداری لە ناو پارتی دیموکراتدا دەتوانن، بەڵام لە ڕووی ئەدەبیەوە توانیووانە، یاری بە هەست و سۆزی زۆرنە بکەن.
دەکرێت بە تێگەیشتن لە کوردایەتی سەیرکی ئەو دوو کەسایەتیە بکەن (ساطع الحصري) بە زمارەیەک و (عبدالله عبدالدائم) ئەوانە بیروڕای تورک و نازیەکانیان گواستەوە ناو بزووتنەوەی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەوان پێیان ڕاستتر بوو بگوترێت (نیشتیمانی عەرەب) ئەقڵیەتی یەک نەتەوە ویەک ئاین بە ئامرازکی گرنگ دادنا بە دروستبوونی یەکگرتنەوەی عەرەب.
بزووتنەوەی ئیسلامی لە نووسەر و سیاسیەکانی کوردیش ئەو ژمارەیان خستە ناو هزری شۆڤێنی کوردی، ماوەیەک نیازیان وابوو لە ڕێگەی ئاینی زەردشتیەوە کورد ڕزگار بکەن، خەیان لەو خاڵە سەرەکی و گرنگە لادەدا، کە ئاینەکان بەگشتی لە خاڵە سەرەکییەکان لێک نزیکن و لە ووردەکارییەکان لێک جیادەنەوە، بیانووی زۆر لاواز و سازداریان دەهێنانەوە،گوایە ئاین ئامرازکی زۆر گرنگە بە یەکگرتن، لەبەر ئەوەی عەرەب، فارس و تورک سوودیان لە وەرگرتووە، کەواتە ئەمەش دەکرێت سوود لە ئاینەکەی خەمان وەرگرین. سەبارەت بە زمانیش تێوانینان زۆر توندوانەیە، هەر وشەیەک، مادام کوردی بێت، دەبێت لە فەوتاندن ڕزگاری بکەین. پێویست ناکە لە زمانیتر بیخوازین(دەتواندرێت لەڕ ئەقڵانیەتی جیاوازی نێوان نەتەوایەتی و کوردایەتی بزانرێت، سەیری نەتەوە زیندووەکان بکە، کەمتر کێشەیان لەگەڵ وشەکە هەیە، وشەکە بەس لە ڕووی فۆنەتیکەوە دەسکاری دەکەن، بەڵام کار لەسەر تێگەیشتنەکەی دەکەن، کەچی هەتا ئێستاش لای ئەمە ئیش لەسەر ڕووتکردنەوەی وشەکە دەکەن) زۆر جار دەبن بە ڕێگری پێشکەوتنیش لە پێناو مانەوەی زمانە خۆیکیەکە، لە کاتێکدا هەموو زمانێک لەگەڵ پێشکەوتنی ،کەمێک وشەی لە ناو دەچێت و بەخێشی هەندێک وشە لێناوی دەبات. ئەوە پێیوندی بە مان و نەمانی نەتەوە

نییە، بەکو پێوەندی بە پشکەوتنیەوە هەیە. لەووی مرۆڤدۆستی و ئازادۆستی.
بەهەی ئەوەی ئەمن بە خەم ئەو تەوانینە زۆر بە مەترسیدار دەبینم، کەمێک خراپتریش دەبینم بەشێک لە نووسەرانی کورد شارەی شار و کێان دەکەن، مادام لە شارێکەی ئەوان وادەگوترێت، کەواتە پێویست ناکات سوود لە ناوچەکانیتر وەرگرێت، چونکە بەخەیالەی ئەو، ئەو لە ناوەندە دەژی، لە کاتێکدا ئەمە یەکێکین لە نەتەوە هەرە بە ناوەندەکان.
جارێک برادەرێک شیعرێکی خوێندەوە، بە وشەیەک هەرچی جوانی هەیە لەناو شیعرەکە هەشبەوە لە پێش چاوم، لە جیاتی ناشیرین وشەی (قەزم) ی دانابوو، گوتم:" بە قەزم؟" گوتی:" ئەمە بە وشەی ناشیرین وشەی قەزم بەکاردەهێنین. گوتم:" ئەوە کێن؟ وشەی قەزم واتە (کورتەباڵا) کورتەباڵاش پرسیەکی سروشتیە، کورت و درێژی مرۆڤیش ، لە ەووی مرۆڤایەتیەوە ناکرێت بچێتە خانەی ناشیرینی، کورد یەک دنیا وشەی هەیە بەس بە ناشیرینی، ناشیرینەکە لەو شوێنە دەست پەدەکات، کە ئەمە مرۆڤکان لەسەر ەوخسار و جەستە ناشیرین بکەین، زمان لە لوکاڵی دەرکە و بەدوای وشەدا بگەڕێ، بیانووش بە هەڕێ مەهێنەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی شارەکەی ئەوە وادەڵێن". بەداخەوە شیعرەکەی هەر باوکردەوە و وشەی قەزمەکەشی هەر بەکارهێنا، چونکە ەوایەتی لە شارەکەی خەیەوە وەردەگرێت، ئەو بیاریداوە کار لەسەر ئەوە بکات کە ئەوان جیاوازن و وەهمێکی بە دروستبووە، کە ئەوان سەرچاوەی مەعریفە و شەشن. ئەمن ئەو هەستیەم ئەگەر شوێنیشی نەبێتەوە هەر دەیەم" گەورەترین کەشەی یەکنەبوونی کورد، لەوە دەست پێدەکات، خاڵە جیاوازیەکانی پێ گرنگترە لە خاڵە هاوبەشەکان، بە بەردەوامیشی کاری بە دەکات، لە هەموو بوارەکەوە، لە زمان، لە خواردن، لە داب و نەریت،... ئەگەر بەشی بسەلمێنی هەر بەلایەوە گرنگ نییە، چونکە لە ناو خاڵە جیاوازەکان خەی بە بەختەوەرتر دەزانێت. سەیرەکە لەویە ناوە ناوش لێت دەپرسێت، ئەڕە ئەمە بە نابین بە نەتەوە؟
بەیە کە نووسینێک دەخوێنمەوە، زۆر بە تاقەت دەبم کە وشەیەکی نەشیاو ببینم. هەندێک جار دەکرێت بیانووێک بە مەژووەکەی بهێنەرێتەوە، بەڵام کە دووبارە چاپدەکرێتەوە، دەکرێت ەاست بکرێتەوە. مەرج نییە نووسەر دژ بێت، بەڵام هەندێک جار لەگەڵ زەمەن و زمانی باو دەڵێوات، بەیە گرنگە مرۆڤ ئاگاداری لایەنە مرۆڤایەتیەکەی وشەکە بێت.
(مارک تووین) کەیەکێک لە ەەمانووسە ناودارەکانی ئەمریکا و جیهانە، لە هەردوو ەەمانی سەرکەشیەکانی تەم سوەر و تەواوکەرەکەی

"سەرکەشیەکانی هاکلبەری فین،
(٢١٩) وشەی نەشیاو بۆ ئەستا، بەڵام باو و هەگەپەدراو بۆ ئاو کات بەکار دەهێنێت کە ببوورن ناچارم لێرە بەکاری بهێنم، ئاویش وشەی (نیگرۆ- Negro)ە ، بەڵام دەنگە ناڕازیەکان ناچاریانکردن لە چاپە نوێیەکە، لە جیاتی ئاو وشەیە هەگزپەرستیە بگۆڕی پاویستی ستەکە، وشەی (کەیلە) و (هەشپەست) یان بۆ دابنێن. لە ئەدەبی گەلان نموونە زۆرە، بەڵام دەنگێکی بەهێزیش هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئاو هەڵەیانە. بۆیە چەند نموونەیەک لە نووسینەکانی نووسەرەکانی خۆمان دەهێنمەوە. تایبەت بەو وشەیە، کە هەتا ئێستاش بەکاری دەهێنن. زۆر بۆ ناشیرنتریش، وشەیەکی زۆر ناڕەک و نامرۆڤانەیان داهێناوە، ئاویش وشەی" قوەڕەشە" هەتا ئێستا لە لایەن چەند نووسەرێکی دیاریش بەکارهاتووە و بەکاریش دێت.
پێشەو کە یەکێکە لە خەمخۆرانی زمانی کوردی، کەچی ئاو وشەیە بەکاردەهێنێت.
لە شیعری " لەبەر دەرگە" دەڵێت"
کات لەژێربانی ئاسماندا
خەریکە باوەشک دەدات
شۆن ـــــ قوەڕەشکی کپە
دەرگەکەتم لە بکەوە
شتێک نییە شیرینتربێ
لە خشپەی پە وچرپەی چپە
سەیری ئاو شیعرە ناسک و جوانە بکە، کەچی" شۆن قوەڕەشکی کپە" جوانییەکە ووشک دەکاتەوە، کاتی خۆی بیانووی ئاوەم بە دەهێناوە، دەمگوت:" لەبەر ئاوەی شیعرەکە کۆنە، بۆیە تاادەیەک ئاسایە" بەڵام ڕاستیەکەی ئاو " تاادەیەک ئاسایە" م لەبەر ئاوە دەگوتەوە چونکە بە سنوور خۆشم دەوێت، بەڵام لاو ساڵانەی دوایش چاپیکردەوە و ئاو وشەی هەر ڕاست نەکردەوە(کەی بەرهەمکانیم لە لایە، کە بەڕازامەندی خۆی چاپکرایتەوە ٢٠٠٥) لەبەر ئاوەی پێشەو، بەسەرچاوەیەکی گرنگی زمانیش دادەنرێت، ئەگەر قسە لەسەر مەعریفەی وشەکە نەکرێت، ئاوە زۆر ئاسایە خەڵکانێکیش بین بە شیاو و هەگپەدراوی بزانن، هیوادارم ئاو شیعرە جوانە چیتر نەکاتە قوربانی ئاو وشەیە، وشەیەک وەک سووکایەتی بە مرۆڤ، لە دەرفەتێک ڕاستی بکاتەوە.
لە یەکێک لە گۆڤانەوەکانم بە نیشتمان،کۆمەڵک وەرگەڕانی مامۆستا (عەزیز گەردی) م کەی ، ڕاستیەکەی ئامانجی سەرکیم بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی کوردیەکەم بوو، لە یەکێک لە کتێبەکان بەناوی (هەقایەتی بۆغدایی) هەر لە چیرۆکی یەکەم بەناوی (سوڵتان نەسیم)

لە لاپەڕە ٦ دەڵێت:

- پیاویژگە، سەیرکە ئەم دوو هەنگە؛ سپی و ڕەش، چەند جوان لەک دەن!!

پەی گوتم:

- مانای وایە تە ئەشقی قوولەشەک بووی!

ئەمن زەر جار کە هووبووی ئەو کەشە زمانیە دەبمەوە، زەربەی کات ئەو وەامم وەرگرتیتەوە" چەن هەیە؟ کورد هەروا دەڵێت" یاخود ناوچەکەی خەی زەر بەاوە گرنگە دەڵێت" ئەمە وا دەڵێن" وەامی منیش هەر ئەوە بووە:" لەوە دەگەم تەش کوردی، بەام تە نووسەری، دەبێت زمانت جیاواز بێت لەگەە زمانی بازاە" مامەستا عەزیز گەردی دەیتوانی بنووسێت" مانای وایە تە ئەشقی کەسەکی هەشپەست بووی!"

لە پەشمەرگایەتی هاوەیەکی عەرەبم هەبوو، زەر لەک نزیکبووین، بە ناو(یوسف) لە یوگسلافایی کەن گەابوو کوردستان، لەبەر ئەوەی بەشی نەتەوە و کەشکانی خوەندبوو، سەرنجەکی زەر جوانی هەبوو، لەو کاتانەی باسی کەشیەکی کوردمان دەکرد، دەیگوت:" بەداخەوە ئەوەی زیاتر گرنگی پێدەدرێت، لایەنە تیئوریەکیە، لایەنی هەست فەرامەش دەکرێت، بەیە بە من گرنگە لێت بپرسم و لێت بگەم هەستی تە چەن سەبارێت بەو پرسە) بەیە ئەمنیش هەر ستەی یوسفی هاوەم دەهەموە، کە وشەیەک بە کاردەهێنین بەرانبەر هەر گروپەک، نەتەوە، ئاین، هەگەز… پەیستە هەچاوی هەستی ئەوان بکەین، ئایە ئەوان ئەو وشەیان پە خەش و گونجاوە؟ ئەگەر وەامکەیان " نەخێر" بێت ئەوە دەبێت لابدرێت. ئاخر هەندێک وشە، ئەو هەموو لێکدانەوەی ناوێت، سەیرم پە دێت هەتا ئەستاش، بەشێک لە نووسەران وشەی " خاچپەرست" بە کاردەهێنن لە جیاتی" خاچهەگران" ، کە جیاوازییەکیان بە زەقی دیارە. دلاوەر قەرداغی هەمانێکی لەسویدی وەرگەایە، بەناوی (دکتەر گلاس) لە لاپەڕە ٩٧ ئەوها نووسرایە" وەنەی سە کەللەسەر بوو کە تاادەیەک لێیەک دەچوون-: کەللەسەری ئورانگوتانەک(*) ەک ، قولەشەکی ئەستەالی و ئیمانێیل کانت" با ئەوەش بەم لە سویدیەکەش نووسرایە" نەگرێکی ئوسترالی" بەام لەگەە ئەوەش دەکرا، هەەی نووسەر دووبارە نەکرێتەوە، ئەوە پێوەندی بە دەستپاکیەوە نییە، بەکو وشەیەکی نامرۆقانەیە، وەک چەن ئەوەی (مارک تووین) هاستکراوە دەکرا ئەویش

هەڵکەی نووسەر ڕاست بکاتەوە و لە پەراوێز ئاماژە بە ناشیاوی وشەکە بدات، نەک بەت ئەویش وشەی " قولەڕەش" بە کاربهێنت، ئەو هەمانە لە (١٩٠٥) نووسراوە لە سوید زۆر درەنگ دەست بە لادانی ئەو وشەیە کرد، بە بیرم دێت چەند ساڵێک بەر لە ئێستا جارێک لە شیرینیان هەیە خەڵ و هەنگەکی قاوەیی تاریکی هەیە، پێیان دەگوت(Negerboll – تەپی نەگر) لەبەر ئەوەی هەشپەستەکان پێیان وشەیەکی جوان نەبوو، گەیان بە (Chokladboll – تەپی شوکلات) سەیری گوگلم کرد(٢٠١٥) ی دامە.
ئەمن دەزانم پەشۆ، گەردی و قەرەداغی ئازاری مەروولەیەکیش نادەن، بەڵام هەڵبژاردنی ئەو وشەیان هەشپەستەکان ئازار دەدات.
بە ئەوەی نووسینەکەم، تووشی دووبارە بوون و وەسی نەبێت، هەر هەندە دەمەم ئەو جارە وشانە، کە دەکەونە ناو بازاڕ ، پاش ئەوەی بە فیلتەری نووسەرەکاندا دەڕوات و بەکاری دەهێنن، بەرهەمەکی وەک ئەوەی (هەژ کەریم) ی لەدەردەچێت، کە مرۆڤ شەرم دەکات گوێ لە بگرێت
ریتا، ڕیتا
تە پەستەشی
تە قولەڕەشی
قەدباریکی
قەیناکە
مەگەر لە ئەدەبی هەگەزپەرستەکان، گەرانی ئەوها هەبێت، ئاخر دەبێت تە ئەوهاشی " قەیناکە" سووکایەتی پێکردن لەوە زیاتر.
ئێستاش نازانم چەن وشەی (قژنیگرە) کەوتە ناو زمانی کوردی (قژم نیگرە دەکەم، قژی نیگرەبوو،…) لە کاتێکدا سەرچاوەی وشەکە ئیسپانیە و هەگەری روحیەتێکی هەگەزپەرستیە، ئەمە وشەیەکی زۆر جوانمان هەیە، ئەویش(قژلوول- پرچلوول) ە، داکەکی لە خەمان ناکەم، بەڵام باوەناکەم بەکارهێنانی کەمەک وشە و دەستەواژەی هەڵە، پەیوەندی بە هەگەزپەرستی، بریندارکردنی و سووکایەتیکردن بێت، بەرانبەر بە ئەوانیتر، بەڵام مانەوەکەی زیاتر پەیوەستە بەوە کە، دەستاتە سیاسی، ئەدەبی و کەمەایەتیەکەمان لە گەڵان دەترسەن، هەگەرن بە ئەوەی نەوەیەکی جیاواز لەوان دروست نەبێت.
بەو تەوانیە کەمەی کە هەمە، لە هەمانی (جارێکیتر هاوسەرگیری ناکەم) کە شەش ساڵی زیاتر خایەند، کارەکی زەرم لەسەر ئەو وشە، چەمک، دەستەواژە، …کرد.

دڵزانم هەزکی گۆرۆ دژی ئەو گەڵانکاریيە، بەرانبەر بە زمان و شەوازی بيرکردنەوە بەگشتی، بەتام …
بە ئەوەی بە هەڵە تەم نەگەن، ئەدەبی ئەمە دەيان شيعر و پەخشانی جوانی تەدايە، وەک هاوسەزيەک لەگەڵ گەلانيتر، بەتام کەمەک وشە هەيە، گرنگە لە فەرهەنگ بسەدرەتەوە و منداڵەکانمان فێری وشەی مرۆڤدۆستی ، ئاژەدۆستی و ژينگەدۆستی بکەين.
داوای لێبووردن، لە ڕۆشنبيرستەکان دەکەم کە ناچاربووم، ئەو وشانە بەکاربهێنم

کتێبی فەلسەفی ئازادی لەپێچينەوەی دەشاد کاوانی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە

کتێبی ئازادی لەپێچينەوە، لە فەلسەفەی ژان پۆڵ سارتردا، کتێبێکی سەت لاپەڕەيی ڕەخنەيی فەلسەفييە، شەشەمين کتێبی چاپکراوی نووسەر و ڕەخنەگر دەشاد کاوانييە، لە ماوەيەکی زۆر نزيکدا، لە دووتوێی بەرگێکی قەشەنگدا دەکەوێتە بەردیدی خوێنەران.
ئەم کتێبە، شيکاری و ڕاڤەکردن و ڕەخنەگرتنە لە هەندێک لە فەرم و دیدگا و بۆچوونەکانی ژان پۆل سارتەری گەورە فەيلەسووفی جيهان، بەتايبەتی لە کتێبی بوونگەرايی جەرگەکە لە مرۆڤگەرايی. سەبارەت بە ڕوئيا و بينينی بە ئۆگزستانسياليستی و چەمکەکانی بوون و خودا، ئازادی، لێپێچينەوە و بەرپرسياريەتی هەنەهەندراو، نەرمە ئەخلاقييەکانی پەيوەست بە سەربەستی و نا سەربەستی، لە دیارکردنی هەڵبژاردە ئەخلاقييەکانی مرۆڤ باسکراوە.
دەشادکاوانی سەبارەت بە لایەنە ڕەخنەيەکەی کتێبەکە ڕایگەياند: لە کتێبەکەمدا، خاڵم خستۆتە سەر هاودژييەکانی بۆچوونەکانی ژان پۆل سارتەر لە بوونگەرايی ئەژدەيی و پێشيمنابوونەوەی لە ڕوانينەکانی پێشووتری.
هەروەها گووتی: وەک چۆن سارتەر هەر جارە ڕەهاگەرايييەکی پێشوختە

دیاریکراو ڕەتدەکاتەوە، کارەکانی سارتەر تێگەیشتنێکی کەتایی یەکلاکەرەوە لە بوونگەرایمان بە دابین ناکەن. بوونی فرە بەچوونی ئایدیالێژی سەبارەت بە بوونگەرایی، لەوانەش پووچەڵکردنەوەی ئەم بەچوونانە لەلایەن سارتەرەوە کتێبخوێنان هان دەدات بە بانگەوازکردن بە ئیرادەی ئازادبوون. ئەمەش مانایەکی تری ئازادییە کە لە کتێبەکە باسی دەکەین.
دیدە ڕەخنەیەکەی کتێبی ئازادی لەپەچینەوە، لەسەر هەرسە پایەکانی ڕەخنەگری سارتەر ڕەخنەی مارکسیست و کەمەنیستەکان، ڕەخنەی ئایینی مەسیحی کاسالیکەکان، ڕەخنەی دیاردەناسیی. ڕاڤەی بە کراوە و جارێکی دیکە خراوەتە بەر ڕەخنە.
لە کتێبی ئازادی لەپەچینەوە گەیان بەدوای مانای بوونی مرۆڤ لەم جیهانەدا- بە واتایەکی تر، ڕاستی بوونی مرۆڤ، خراوەتە بەر باس. بەتایبەتی لەکدانەوەکان و ڕەخنەکانی سارتەر، لە کتێبەکانیدا بە مەرگی خودا لە دروستکردنی مرۆڤی باڵا لای فریدیش نیچە. جارێکی دیکە بە زمانی کوردی و بە خوێنەری کوردی لەم کتێبەدا لەکدراونەتەوە.
کتێبی ئازادی لەپەچینەوەدا لە پاڵ وتارە فەلسەفییەکیدا چەمکە زانستی و فەلسەفییەکانی بە سی یەک پەیڕەوز لەکدانەتەوە و پانزە کتێبی بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی وەک سەرچاوە، بەچوونەکانی پە پشت ڕاست کراوەنەتەوە.

لە کناری ئەوەنەوە بە کناری ئەوەن.. سەلام عەبدوڵڵا

بەم بەیانیە ئەم شیعرەم بیرهاتەوە:
(ئەوەنە شیتە بگە بگارم…با سەری بیەم لە قەوم و کارم)
خاڵە ڕەشید کە دەکاتە برای(حوسێن)ی دراوسێم، پێشی کەچیدوایی، سەرەتا بە ڕوویەکی خۆشەوە و پاشان ئەو کێپەە شیعرە بە هەرە بەمی چێی، کە لێی بووەوە، نازانم چۆن پێکەنینەکەی بزربوو، لەگەڵ هەرەکەی چاوی پە فرمێسك بوو.
پلەی گەرمی هاوینی گەرمەسیر، ئارەق لە بەرد دەردەهێنێت، چین چین ئارەقە دەکەیەن و لەولایشەوە کارەبا وەك ترافیکی لێهاتووە،

ماڵەکانمان دەبڕتە بە کووڕە. لەڕاستیدا کڕانەکەمان لەم کاتە وەك شەقامەکانی کناری شارەکانی ئەمانیایە، هاتووچووی لێدەبڕێ، بەجگە لە هاواری(مای فلتەر)و دەنگی بڕندگەی میوەفرشە گەڕەکەکان(ئەو ڕۆژە بەدەنگ هاواری شوتی بەشەرتی چەقۆ، چوومە دەرەوە. شووتییەکم هەلبژادر و وتم بۆزەحمەت بیشکێنە، کەچی فرۆشیارەکە وتی: چەقۆم پێ نیە!) ئیتر منیش تەریقم نەکردەوە.
نزیکەی 18 ساڵە کاك حوسێن دراوسێمە، گەرچی لەناو خێزانێکی گەورە ژیا، بەڵام هاوسەر و منالی نەبوو. پیاوێکی سوورکەەی بەخێ، هەمن، بۆوەی و قسەلەووو بوو. هەندێ جار گومم لێ دەبوو کە کەسێکی توڕەیە، منیش ئەو خەسلەتەی تا دوا ڕۆژی ژیانی لێیم نەبینی. گەرچی ڕووی خۆشی پیشان دەدا، وەلێ مرۆڤ هەستی دەکرد لەبەرامبەر کەسێکی دژشکاو ڕاوەستاوە، خەمباری لێ دەباری، تاقەتی کێشمەکێش و هەراوهوریا و جەنجاڵی نەبوو، وەك باڵی دەستی شڕدووە لە ململانی، خۆیی بە ڕتمی بڕتام و وەهەسئامێزی ڕۆژگار داوە: سەهەای کات بەسەربردن لەگەل پەزەکەی، ماڵئاوایی لە ژیان کردبوو پێش ئەوەی ماڵئاوایی ئەبەدی بکات.
من ئەو کاتە هەمنی و لەسەرخۆیەکەی و ڕێزداریم بێ دەرکەوت، کاتێ یەکەم جار بەشەو دەنگی بڕندگێ بێ بانگی چاوەوان نەکراو بێ نویژ لە مزکەوتەکەوە بەرزبووەوە، خەوحەرامبووم و بە تۆیەوە چووم بێ ناو مزکەوتەکە و پێیانم وت: دەنگی بڕندگێیەکە زڕ بەرزە، کەمی بکەنەوە. سێ کەس نۆژیان دەکرد، لەناویاندا کاك حوسێن لە نویژەکەی بووەوە، لای لێکردمەوە و بە دەنگێکی هەمن وتی: باشە بەسەرچاو.
چەندە سەرەنجم دەدا، جیاوازییەکی گەورەم دەبینی لە نێوان ئەم و زڕڕك لە دانیشتوانی ئاواییەکە، ئەواران زڕبەیان لەلای دوکانەکانی ئاواییەکە کۆدەبنەوە، بە دەمەتەقەی بێبایەخ و دووبارەکراو، بوختان و هەندێ جاریش خەریك شۆخی و دەمەقاڵی کاتەکانیان بەسەر دەبەن. دنیا بەسەر یەکەوە بڕخێ، ئاگایان لێ نیە(وە من چە؟ موشکیلەی من نیە…خودا خاسی کەد…خودا کەریمە. ئینشەڕا…)
بەم دواییانە دەمبینی حوسێن لە پشت ماڵیانەوە بە گڕچانێکەوە شڕدەبووەوە بێ گەوڕی پەزەکانی کە تێدا چەند سەر مەڕێکی بەخێودەکرد و هەر بە خێیشی شوانیانی دەکرد تا بوون بە 40 سەر مەێ، ئەوە نەبێت بەیناوبەین برازایەکی هاوکاری دەکرد. حوسێن ئەم کارەی نەکرد لەبەر هەژاری، بەپێچەوانەکە کرێکارێکی خانەنشینی بوو و توانای دارایی باش بوو.
بەیانییەکی سەیرە، لە بەیانیانی ڕۆژەکانی تر ناچێت، جووەیەکی

نائاسایی شەقامەکەی گرتووە.

- هیچ بووە؟
- کاك حوسێن کەچی دوایی کردووە!
- چۆن؟
- بەڵێ، ئەم بەیانیە پەزەکانی دیار نەماون و لەوە ترساوە دزرابن، ئیتر بە تەمەنی 72 ساڵیدا بە گچانەکەی و شەلەشەلەوە لە کناری ئەوەن تا یاڵەکانی میلکان، بەدوایان گەڕاوە و نەیانیدۆزیوەتەوە.

خاوەن پەزەکانیتر لە خوار ئاوایی و کەسوکارەکەی هەستیان بە دیارنەمانی کرد و نەیانزانی چی لێهاتووە و لە کوێیە. ئیتر ئەمانیش بەدوای گەڕاون. لە دواییدا بە مردوویی لە کناری ئاوەکە دۆزیانەوە.

چ سەفەرێکی سەخت و چارەڕەشی بەسەر برد: پاش دیپۆرتی زۆرەملێی ساڵی 1975 لە کناری ئەوەنەوە بۆ شاری سامەڕا، بە خانەنشینی گەڕایەوە بۆ ئەوەی ئیمڕۆ بە تەنهایی لە باوەشی ئەوەن سەربنێتەوە. تەرمەکەی هەر لە نزیك ئەو شوێنە دۆزرایەوە کە پێشی 48 نیشتەجی بوو.

کچکردوو لە سامەڕا وەك کرێکارێك لە کەمپانیای دەرمان کاری دەکرد. کاتێ خانەنشین کرا، گەڕایەوە بۆ میلکان، بۆ ئەو شوێنە کە دێی پێدەکرایەوە. گەرچی تەنهایی لێدەچڕا، بەدەگمەن دەچوو بۆ ناو شار، هەر پێویستی پێنەمابوو. ئەو18 ساڵە هەر لە خوار ئاوایی ژیانی بەسەر برد، وای دەزانی لەناو بەهەشتە، ئەگەر لێی دوور بکەوێتەوە، ون دەبێت یان ژیان کۆتایی پێدێت، لەوانەیشە جارە پەرچە کرداری دەروونی ناخی بێت لەبەرامبەر دیپۆرتکردنی زۆرەملێی یان ترسی هەبێت لەوەی بە دوورکەوتنی، هاژە و سێبەری دارەکانی ئەوەن لەدەستدەدا.

دوا هەواڵی ئەم شەو: مەڕەکان بەخێیان گەڕانەوە.

- ئەی بەخێر نەیەنەوە…دە وەرە لەداخاندا شەق مەبە…بەنەعلەت بن…خۆزیا دزرابان یان گورگ سەرتاپایانی شەلوپەت بکردبا… تازە کار لە کار ترازاوە و جەنابیان بە باعە باعەوە گەڕاونەتەوە…ئەبینن چۆن ئەم سەگ بابانە چونە خوێنی حوسێن. ئاخر بۆچی هاتونەتەوە؟ خێرە؟ ملیان بشکێنن و بڕۆن گەشتەیی خێیان بکەن…هاتنەوەیان پوشێك ناهێنێ. ئەڕێ ئەوە مەیی عەجولی واتان بینیوە؟

ئیمشەو شونەکەی لەبان زەوی گڵی بۆ ژەر زەوی، جیاوازییەکەشیان هێندە زۆر نیە...ڕۆژگارەکانی لە جیهانێکی نامۆ و پڕ ژان و تەنهایی، خاڵی لە سۆز و دڵنەوایی و بایەخدان بەسەر بردن...18 ساڵ لە دراوسێتیمان بە قەت نیوەی ئەم نووسینە لەگەل یەکتر قسەمان نەکرد.
ئەوەتا ئێستا ئەو ڕێی و ئاگای لە دنیا نەماوە و منیش گەرچی لەگەلی برادەریم نەبووە یان بۆ جارێك پێکەوە چایەکمان نەخواردەوە، خەوم لێبڕاوەو بیر لە ژیانی غەریب و تایبەتی ئەو دەکەمەوە: بەتەنیا ژیا و بەتەنیا ملی ڕێگای گرتەبەر و ڕێی،
ماڵیئاوا و یادی بەخێر.
سەلام عەبدوڵڵا

بیرەوەرییەکانی فەقێیەکی گوماڵا-69.. شەماڵ بارەوانی

بەشی(٦٩)
وا حیساب کە ئەو خەڵکە هەموو بزنن

یەکەم وتارم لە بادینان و لە دەی(دەربەسان)ی بچووک بوو.
بیرمە ساڵی یەکەمی فەقێیاتیمان بوو، نزیکەی مانگێک ئاوا ڕاوێشتینە فەقێیاتی، یەکسەر ڕەمەزان هات. مەلاکان و ئیدارەی قوتابخانەی ئایینی(محەمەدیە)گوتیان بڕۆنەوە تا دوای جەژن.
کە هاتمەوە، بە سەردانێک ڕاوێشتمە ماڵی باپیرم لەو دێیەی دەربەسان.
لەوێ بە نۆژ ڕاوێشتم بە مزگەوتی دێیەکە. موختاری دێ(مام ئیبراهیم زێباری)کە منی بینی، گوتی: خودێ فەقێی بچیک مێ چ مەڵا نینێ و لازم تو خوتبەی بەمێ بدەی. گوتم بلا.
هەرچەندە لەو بیاری وتاردانەم زۆر دوودڵ بووم. ترسێکی زۆرم هەبوو لەوەی نەوەک نەتوانم وتارێکە بدەم.
ئاخر من تازە ڕاوێشتبووم فەقێیاتی و پێشووتر هیچ جارێک وتارم

نەدابوو و نەیشتبووم سەرمینبەر.
تازەش قسەم بۆ موختاردابوو و دەبوا هەر وتارەکەیان بۆ بدەم.
بەهەرحاڵ، بۆ ئامادەکردنی وتارەکە گوڵم لە وتارەکەی مەلا(شەرزاد عەبدولوەهاب)گرت بە ناونیشانی(تۆبە) کە ئەو وتارەم لەکاتی گوێگرتنەکە هەمووی لای خەم لەسەر وەرەقەیەک نووسیبوو و دووسێ جار بە تەنها وەک بەیەت لەسەر مینبەرم و خەڵکەکەی زەر ئامادەی وتارەکەمن، دووبارەم دەکردەوە. ئایەت و ڤیوایەت و قسەکانی مەلاشەرزادم هەمووی باش باش ئەزبەرکرد و خەم باش بۆ وتارەکە ئامادەکرد.
کۆڕی جومعە هات و کەیشتمە مزگەوت، بەرلەوەی بکەمە سەرمینبەر، دەم سەدوبیستی لەدەدا و ترسەکی بەئەندازە هەموو بوونی داگرتبووم و لە دەی خەم هەر قسەم بەخەم دەگوت و بە خەمم دەگوت: باشە هەی فریکەفەقی نەزان، تۆ جارێ قول و فول لەکتری جیاناکەیتەوە، بۆچی خەت تووشی ئەو بابەتی وتاردانە کرد؟
بەخوا ئەوەم لەبەردەم ئەو هەموو خەڵکەی ئابووت دەچەت و وتارەکەت پێ تەواو نابەت.
کاتی وتاردانە هات و بەسەر مینبەرەکە کەوتم. لە بەلایەخاڵم(زرار)هاتبوو بەردەمم و لەسەرەتای وتارەکە تا کۆتایی، دیقەتم دا، لە تەقی سەرم تا بنی پێیەکانم هەمووی سێبەرد کرد.
جا خاڵم چەند تەنزاوی و شۆڕ کەمدییە.
ترسی بەردەم ئەو خەڵکە هەمووی لەلایەک، هی خاڵشم بە تەنها لەلایەک.
لە دەی خەم دەمگوت: بەوخوایە یەک هەڵە بکەم، خاڵم بۆ تەعلیق و شەخیەکانی دەمکات بۆ فیلم.
سەرتان نەیشێنم، بە هەزارحاڵ تا ئینەلحەمدەکەم کرد.
هەستم کرد دەم و گەرووم وشک دەبێت و چاوەکانم تاریک دادێن و سەرم دەسووڕێت.
ئای خوایە من چی بکەم؟ وەڵاهی ئەوەی لەی دەترسام ئێستا ڕووەدات و ئابەووم دەچەت.
زمانم کۆتە تەتەڕە و هەردووک قاچەکانیشم وەک بی ناو ئاو دەلەرزین. چ لەرزینەک، دەتگوت سەما دەکەم. هاهاها.
دەمگوت هەر ئێستا لە هەش خەم دەچم و دەکەوم.
بەو مانگی ڕەمەزانەی خەریکبوو هاوارکەم و بڵێم: خەرا پەرداخەک ئاوم بۆ بێنن، خەرا کاکە من خنکام.
وتارەکەم نزیکەی نیوسەعاتی خایاند. تا دەدەقەی سەرەتا بۆ هەزار تکا و بەو ڕەزاڵەتی و ترس و سەما و شتۆ قەتاندم. دواتر هەدی هەدی ترسەکەم نەما و زاڵ بووم.

ئینجا گەروەم بووەوە و کەوتمە لاساییکردنەوەی مەلاشەرزاد و دەستم کرد بە شیەشیە و خۆگوشین و قسەی زل.
دواتر کە وتارەکە تەواوبوو و ئەیشتمەوە مالی باپیرم، خاڵم دەستی کرد بە شەخیکردن و پێکەنین و تەعلیقلێدان و گوتی: وەڵاهی دەمگوت ئەستا دەبوورێتەوە. کوڕە تۆ ئەنگت لە هیچ نەمابوو لە ترسان.
ئەوە قاچەکانت بە وا دەلەرزێن؟ دەتگوت ئەقس دەکەیت. وای پێ دەگوتم و قاقای دەکەشا.

دواتر کە ئەیشمەوە بە حوجرە، ئەوبەسەرهاتم بە فەقێکان دەگێڕایەوە و هەمووان پێدەکەنین. دەمگوت: بەخوا هەر یەکەم لەحزە زەحمەتە، دواتر زۆر ئاسان دەبێت.
گەر فەقێیەک لێیپرسیبام: چۆن بتوانم خۆم کۆنترۆڵ بکەم و نەترسم لە کاتی وتاردانەوە؟
دەمگوت: یەک شت بکە. وا حیساب بکە ئەو خەڵکە هەمووی بزنن. ئەوکاتە هیچ ترسێکت لا نامێنێت. من هەر وادەکەم.
کە وام دەگوت، دەبوو بە قاقا.
لە دێیەکەمان، دێی(بارەوان) زەرجار دەئەیشتمە چێڵایی و دارەکم لە شەوەی مایک لە عەرد دەچەقاند و عەلەساس ئەوە مایکی مزگەوتە و یەک دنیا خەڵکیش لەبەردەمم ئامادەن و من وا خەریکم وتاریان بە دەدەم.
بەو شەوازە پێڕاهێنام دەکرد.
یەکەم وتار کە باسم کرد، ئاوا بە ترس و لەرزەوە دەستم پێ کرد.
دواتر لەی هاهاتم و ماوەی چەندین ساڵ و لەچەندین دێ و دەڤەر و شوێنی جیاوازی وەک: دەڤەری کەندیناوە، دەڤەری کەرکووک، دەڤەری خۆشناوان و بلباسان و لای شەقلاوە، دەڤەری کۆیە، دەڤەری بادینان و دهۆک، لەناو سەنتەری شاری هەولێریش لە چەندین مزگەوت وتارم دا و خەڵکێکی زۆر ئامادەی مزگەوتەکە و وتارەکە دەبوون و هەر فشەشم پێ دەهات و زۆر سەرکەوتووانە وتارم دەدا.

"من ئاستێی هونەرم لە

تیشکدا”.. ڕزگار شێخانی

ئێوارەی 26/10/2007 ، لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆلم، دڵشاد عەبدوللا کەمەڵێک شیعری بۆ کوردی ئەم شارە خوێندەوە. من بەم چەند دێڕەی خوارەوە، باسی شیعر و ئەزموونی ئێوم کرد.

دەکرێ تێگەیشتن و شیکردنەوەی شیعرێک، لە خوێنەرێکەوە بۆ یەکێکی تر جودا بێت و ئەم هەموو تێگەیشتن و شیکردنەوانەیش جودابن لە هی شاعیر. بۆیە دێگە بە خۆم دەدەم، بۆ نزیکبوونەوە لە فەزا و مۆتودی نووسینی دڵشاد، لەسەر قەسیدەی ”شەوەکانی ئامیتا بەدرێژایی بابل”، کە ئەمساڵ چاپی کردووە، بوەستم و زۆر بە کورتی و بە چڕی ئاماژە بە لایەنێکی گەش و باشی شیعرەکە بکەم. ئەویش گەانەوەیە بۆ مێژوو. مێژوویەکی زۆر کۆن. نزیکەی 600 ساڵ پێش لەدایکبوون، سەردەمی حکومڕانی ”نەبوخەزنەسیری دووەم” و هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر سوریا، فەلەستین و میسر. لە هەمان سەردەمدا، دروستکردن و نوێکردنەوەی ”بابل”، کە لەم واقیعە سەختەدا جێگەی ئەشق و جوانییش هەبوو. ئەم ئەشق و جوانییەیە، ئەمڕۆ دڵشادی شاعری، نزیکەی 2600 ساڵ بەناو کەڵتانەکانی مێژوودا گەیاندێتە ”بابل” و لەوێ لە چاوی ئەوەوە، شتە وردەکانی ئەو سەردەم دەبینین و بە دەنگی ئەویش گومان لە گرانییەکانی ئەشق دەبێت.
ئەوەندەی من بزانم و ئاگام لێی بێت، پێشتر چاوی شیعری نوێی کوردی تا ئەوێ بڕی نەکردووە.

لەم شیعرەدا دوعا و نزا هەیە بۆ ”مەردۆک”ی شای خوداکانی بابل و شا ”شەمش”. شیعرەکە بە قەڵەمی ژەش نووسراوە، بەڵام، لە سپێتی نێوان دێڕەکاندا شیعرێکی تر هەیە، جوولانەوە و وێنەی تیایە، چاو نایانبینێت، بەڵام هەستیان پێدەکرێ.
”من ڕاستی ڕووناکیم لە تیشکدا
بەچاوی کوڕەوە تەماشای چیم دەکەن؟
بوکی دەریام لە خەیاڵی هەر یەکیکتاندا.” ل/52
من وەک خوێنەر، لەم سێ دێڕەدا وێنە و جولانەوەی جوانیان تێدا دەبینم. کە دەڵێ: ”من ڕاستی ڕووناکیم لە تیشکدا” ئەمە دەربڕینێکی تەواو سوفیانەیە و ”بووکی دەریا”یش یەکسەر زەینم بۆ ئەفسانەی ”ئەفرۆدیت”ی خواوەندی خۆشەویستی دەبا، ئەو دەمەی ”ئەفرۆدیت” وەکو بووکێکی جوان لە کەفوکوڵی دەریا لەدایک بوو.
نووسینی شیعری مێژوویی، لەبەر چەند هۆیەک کارێکی زۆر سەختە. ژەنگە یەکێکیان ئەوە بێت، هەتا دوورتر بەرەو ئاسوی مێژوو بڕۆین،

ئەوا کەسەکان، ڕووداو و شوێنەکان زۆتر تێکەڵی ئەفسانە دەبن و سنوورەکانیان کاڵدەبنەوە. لێرەدا تێگەیشتنی شاعیر و مۆژوونووس جیادەبێتەوە. مۆژوونووس سەرگەردانی ئەوەیە ڕووداوەکان، کات و شوێنەکان وەکو خۆیان بنووسێتەوە و وەسفیان بکات.، تەنانەت ئەگەر بۆی بکرێ لە ئاووهەوای ئەو سەردەمیش دەپێچێتەوە. بەڵام ئەم تێگەیشتنە، لە دنیای داهێنای ئەدەبی و هونەریدا زۆر بایەخیان نییە. ئەوە تەنیا نووسەر و هونەرمەندانن دەتوانن لە سەفەری وا دا سەردەمێکی کۆنکریتی میژوویی، لە گۆشەیەکی تردەوە ببینن و لەگەڵ خۆیاندا بهێنێتەوە ئێستامان. سەرسام نابین، ئەگەر لە سەفەری وا دا، ببینین مناڕەی بابل دەجوولێ. سەرسام نابین ئەگەر ببینین شاعیر لە باخچە هەڵواسراوەکەدا، لە بەر سێبەری دار زەیتونێک لە نێوان حاماڵابی و نەبوخەزنەسێردا دانیشتووە و باسی هەڵەشەی ئەمەڕیکی تورکیا بکەن. ئەمانە و دروستکردنی "کەس"ی تر و ڕووداوی تریش، لە دنیای ئەدەب و هونەردا جێگەیان دەبێتەوە.
لەڕاستیدا سەختیی نووسینی شیعری مۆژوویی لێرەوە دەسپێدەکات. چۆن دتوانرێت لە فۆرمێکی هونەریدا مۆژوو بهێنرێتەڕێستامان، کە هەش و سپی نەبێت، بەکو هەنگین بێت؟
با ئەم چەند دێڕە، هەوداڵنێک بێت لە نزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە فەزای شیعری دڵشاد عەبدوڵڵا، کە 30 ساڵ زۆترە
دەنووسێت. سی ساڵیش زۆترە لەناو کێڵی خەباتی کوردایەتییە. لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەو دەمەی کە کۆمەگەی کوردەواری، شەڕێکی کولتووری، سیاسی و سەربازی لە دژیدا دەکرا، ئەو دەم زۆر سەخت بوو بۆ نووسەران، هاوسەنگی لە نێوان ئەدەب و سیاسەتدا ڕابگرن. ڕەنگە زۆر سەخت بێت نووسەرێک بدزیتەوە، کە شیعری بۆ ئایدیۆلۆژیا، بۆ حیزب، بۆ سەرکردە، بۆ جەنگاوەر نەنووسیبێت. ئەم ئەزموونەی خۆمان و ئەزموونی ئەدەبیی ئەوروپایش، بەتایبەتی لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی و شەڕی ساردیشدا، ڕاستییەکی سادەمان پێدەڵێت. ئەویش ئەوەیە: کە بۆ نووسەر زۆر سەختە هاوسەنگی لە نێوان ئەدەب و سیاسەتدا ڕابگرێت و مانای شیعر وەران نەکات.
بەڵام، لە ئەزموونی نووسەرایەتی دڵشاد دا ئەوەمان بۆ ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو، ئەو هاوسەنگییەی ڕاگرتووە و مانای شیعری ئاوەدان کردووە.
لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە ئەوە زۆر گرنگ نەبێت، کە شاعیر چ کارەیە و لەکوێ و چۆن دەژی، ئەوەی کەگرنگە ئەوەیە کە چی بەرهەمدێنێت. چونکە لە ئاکامدا، هەر بەرهەمەکان دەمێننەوە و لە ئەوانەوە دەگەڕێنەوە بۆ شاعیر و سەردەمەکەی.
من ئەزموونی دڵشاد وا دەبینم، کە بە زمانی ناخ دەدوێت. ئێمە

گۆمان لێیەتی، زمانێکی چەند هێمن و لەسەرخۆیە، وەک کە خۆیشی کەسێکی هێمن و لەسەرخۆیە. گۆمان لێیە بەم زمانە هێمنەی ناخ، باسی ئەو شتە وردانە و ئەو جووڵانەوانە بکات، کە ئێمە هەندجار دەیانبینین و هەستیان پێدەکەین، بەڵام ناتوانین باسیان بکەین.

٢٦/١٠/ ٢٠٠٧ ستۆکهۆلم

مەرگ گرانیی دێزەخە.. بەختیار محەمەد

مەرگ سێبەری مانگی ڕوخسارەکانە
مەرگ گرانییەکە لە دێزەخ
ژیان حەقیقەتێکە
لەناو زیندانەکان و
لەناو شوێنەوارە ونبووەکان
هەموومان بەشێکین
لە جنسی قەلەڕەشکە و
بەشێکیشین لە جنسی کۆتری سپی.
خواش دەرەقەتی مەرگ نایێ
ئەو دەسەڵاتێکە لە ئەزەڵەوە
جەستە دەمرێ
ڕۆح دەچێتە ناو باخچەی وشەکان
ئازادی چەند جوانە،
کە بەسەر مەرگ سەردەکەوێ!
لە کوێ؟ لە دڵی جەنگاوەرێك.
لەناو گۆڕدا مەرگ هەیە
خواش هەمیشە دەچێتە ئەوێ
ئەوە ئاسمان نییە کە ماڵی خوایە،
بەڵکو گۆڕەکە ماڵی ئەو.
مەرگ وەك چپس
ساڵەکان دەخوا.
مەرگ هەژارانی

خۆشتر دەوێ لە دەوڵەمەندان
مەسیح وای گوت.
فریشتە و مەرگ لە ئەزەلەوە دەستن
مەسیح کە لە گۆڕدا هەستایەوە
وای گوت.
هەموو پێغەمبەرەکانیش دەڵێن:
فریشتە و مەرگ دەستن،
نەك شەیتان و مرۆ
لە بەهەشتی خاپوورکراوی عەدەن.

بەختیار محەمەد

نان گۆستانی ورگە.. فەرهاد کەریم

ویژدان چۆتە ناو سەرم، ورگی مرۆڤم پێ کردووە لە پیاسە، لە ناو ورگی مرۆڤ مەگری، گوو دەبارێ بە گریان، دەمی پێە لە چەقۆی شەڕ، ئاشتی ئاودەست، برسی مردن و تینوە خوێن، سەری ئەشکەوت پڕلە ترس، دۆزەخ و بەهەشتی بێ چراو شەوە زەنگ چاو، لە ناو با و باوەڕ شکاوەو مردووە، دەست و پێی درۆژ بووە، پشبڕکێیەکی قۆڕە مردن،
ژیان لە ناو ورگیدا روخاوە خراپ،
ژیان لە ناو ورگیدا بریندار
لە ناو ورگیدا مردووە ژیان ڕۆ
دەستی درۆژ بووە بۆ ورگی
بۆ ورگی پێی درۆژ بووە
ورگی پێ سەری بووە
سەری بۆتە ورگ
ورگی مرۆڤ لە مەیدانی جەنگ دەچێت لە گۆرستانکی خاپور، جەنگ گۆرستانیش وێران دەکا،
ورگی مرۆڤ گۆڕی ناو گۆرستانی وێرانی دوای جەنگە،
گۆڕت لە ناو ورگتدایە چ وێرانەیەکە ورگت، لە ناو ورگت وەرە دەرێ پێش مردنت خۆت مەنێژە، دەستەکانت کورت کەوە بۆ سەر دێت، هەنگاو

بنێ بە ویژدان لە ناو ورگت وەرە دەرێ، برسیبە بێ ژیان، ناو ورگت
مردنە، ورگ پەناگە نیە هەتاوی سوتانە سێبەری ژەهر، دەست بە ورگی
کەس وەمەنێ بێ وەستان، دەیوخێ ورگ وەک مرۆڤی جەنگەکان، دەدڕێ
ورگە مرۆڤ،
بە لای خوارەوەی مەڕێ تەڵە وەک باران، بەردە ژەق،
مردن هەر مردنە لە ئاوەدانی ورگبڕ یا لە چۆڵی ژیان،
لە دەرەوەی ورگ باران تەڕی کردووم، ئازاری زۆرم کێشا تا برسی
نەبم،
بێ ئاوەدانی ورگ نووزانەوە و بچووک و سێبەر،
گوو- مان کردە هزر، هەمیشە وتوومە بارانیش ببارێ ژیان لە گوو پاک
نابتەوە،
هاتوومە دەرەوە لە ورگ
نە شیعرێکی تەڕ دەنووسم
نە پێکەنین دەخەمە سەر زمانم
ڕووم لە مرۆڤە ئەو مرۆڤەی دژە ورگە
ئاوێنەیەکی ڕووتە مرۆڤی ئەمڕۆ دەستی درژە و هەنگاوی خێرا بێ ورگ
مەرگە
لە گەڵ مەرگی خۆیدا دەڕواو پێدەکەنێ
پێکەنینی بە مردن دێ لە ناو ورگیدا دەمرێ
لە مردن ناگا پێدەکەنێ، لە پێکەنین ناگا دەمرێ
ڕوونە ئاوێنەیە هزری ورگن، دەخواو دەڕی و دەمرێ